# سـاڵی 2700



شێروان خدر

سلێمانی / 2005

# بەشی یەکەم

# دوای داڕمانەکە

هەموو سنوورو جوگرافیاکان کە کاتی خۆی لە سەردەمە کۆنەکان کێشرابوو، نەمابوو. ئیدی هەتاویش ئەو بایەخەی نەبوو، ئەوانەی کە مابوونەوە لەژێریدا راکشێن‌و، تەنها حەڤدە نەفەر لەسەر ئەم زەوییە پان و پۆڕە لە ناو حەڤدە تابووتی ئەلیکترۆنی دەژیان. هەر یەکەو ناوێکی هەبوو، هێشتا ئەو کاتەی مابوو، کە لەسەر تابووتەکانەوە بە وایەرێکی ئەلیکترۆنی بەسترابۆوە، ئەم وایەرەش لە پشتی کۆمپیوتەرەکەوە بوو. لەسەر شاشەی ئەم کۆمپیوتەرە تەنها دووبەری جیاوازی هەبوو، ئەم بەر مێژووی ئەو کاتە بوو، کە ئەو حەڤدە کەسە تێیدا خرانە ناو تابووتەکانەوە، بەرەکەی تری شاشەکە ئەو مێژووە بوو، کەوا خەریکە ماوەیەکی تر تەواو دەبێت‌و، دەگەین بە کردنەوەی حەڤدە تابووتەکە.

ناوەکان هێندە لەمێژە لەسەریان نووسرابوو، بۆیە بەهۆی باران و رەشەباو حاڵەتی جیۆلۆجییەوە نەدەناسرانەوە، نەدەزانرا، ئەوانە کێن و بۆچی هەڵبژێردراون، دەبوو چاوەڕوانی ئەو کاتە بین کە کۆمپیوتەرەکە کۆدی تابووتەکەی بەستراوەتەوە بەو کاتە کە دەستنیشانی کردووە. نەدەزانرا کە ئایا جگە لەو حەڤدە کەسە کەسی تر هەیە، یان هەبووە. پرسیارێکی قورس و نیگەران و وەڕسکەر بوو، چونکە ئەو پرسیارە کۆنانە بوو کە کاتی خۆی هەروا مانەوەو وەڵام نەدرانەوە.

لەسەر شاشەکە ئەوە دەبینرا بەو هۆیەوە دەتوانرا بزانرێ ئێستا چ ساڵێکەو، دونیا چییە، ئەگینا ئەستەم بوو بزانرێ، کە لە مێژووی 2700 زاینی ئەو تابووتانە دەکرێنەوەو بەڵگەو پرۆفایلی تر لە ناو کۆمپیوتەرەکە نەبوو. ئاخۆ ئێستا ئەوانە دەرچن دەبێ سەرۆکی کام وڵات بن، دەبێ کوڕی کام پاشا بن، یان کوڕی کام هۆزە، یان کام فەیلەسووفە، یان کام شۆڕشگێڕە، یان کام دزێکی بەناوبانگە، یان کام گەورە تیرۆریستە، یان ئەوەتا دەبێ چ کچێکی شۆخو شەنگ بە رووتیەکەوە بێتە دەرەوە. هەمووی هەر پرسیار بوون، ژیان کەوتۆتە سەر ئەو وایەرە، کە لە کۆمپیوتەرەکەوە کۆنترۆڵ کراوەو، فەرمان دەدات بەو حەڤدە تابووتە ئەلیکترۆنییە بۆئەوەی سەرو سیمایان بێتە دەرەوە، بارانەکەش هێندە بەتاوە لێنابیتەوە، بروسکەو دەنگی گەواڵە بە تووڕەییەکەوە لە ناو شاخ و دۆڵو بیاباندا گاڵە دەدا، سروشتیش وەکو جاران زەرد دەبێ و سەوز دەبێ و قاوەیی دەبێ و بۆریش دەبێ، هەتاو و مانگیش هەردووکیان وەك چەرخە کۆنەکان ئەشقی زەوین. ئەم زەویەش سەیرە زۆر تەنها حەڤدە تابووتی ئەلیکترۆنی تێدا بەدی دەکرێت، نە ئاژەڵێك بوونی هەیە، نە بوونەوەرێك. سەیرییەکە لەوەیە ژیان ژیانی جارانەو، کەچی هەست بە بوونی بوونەوەر ناکەیت تەنها وەرزەکان و، دارو ئاوو سەوزایی نەبێت.

بارانەکە کەم کەم نەرم دەبێتەوەو دەڵێی زۆر توڕەیە، هەرچی ئەو کۆمپیوتەرەشە دەنگی ئیش کردنەکەی هەروەکو ئەو کاتەیە کە دروستکراوەو داندراوە لە شوێن خۆی، ئێستا کات 31-12-2699. لە کاتژمێر 12ی شەودا کە ساڵی تازەیە تابووتە ئەلیکترۆنییەکان دەکرێنەوە. لەسەر ئەم کۆمپیوتەرە نووسراوە کە ئێستا کاتژمێر 11:10 دەقیقەیە بۆیە هێندە نەماوە تابووتەکان بکرێنەوەو ئەو بوونەوەرانە بکەونەوە سەر دونیا.

لە هەموو سەیرتر ئەوەیە ئاخۆ ئەمانە دەبێ یەکتر بناسن یان شەپۆڵەکانی سروشت لێرەی کۆکردونەتەوە، باشە ئەگەر وابێت ئەی بۆ بەم کۆمپیوتەرەوە بەستراون؟!

کۆمپیوتەرەکە بە ماددەو کەرەستەیەکی زۆر غەریبەوە دروست کراوە، کە ئاخۆ بەڕاستی مرۆڤ گەیشتە ئەو پێشکەوتنە یان نهێنییەکی گەورە هەیە، یانیش ئەوەتا ئەو کۆمپیوتەرە دەستی بەسەر ژیان داگرتووە. بارانەکە

له توڕەبوونەکەی خۆی تەواو هیلاك بووو، دڵۆپەکانی سەر ڕۆخی تابووتەکان تکە تکیان دەهات و دەتگووت ئەو کۆمپیوتەرە کۆنتڕۆڵی سروشتیشی کردووە، چونکە کاتەکە هێندەی نەماوە. ئیدی هەرچۆنێك بێت وا جەنابی کۆمپیوتەر ساڵی تازە یاد دەکاتەوەو، بیٚ ئەوەی ئەو گەردوونە بوونەوەرێکیشی تێدا بەدی بکرێت.

لەسەر بەری ئەوبەری شاشەکە نووسرا، نامەیەك بەرچاو کەوت. ئێستا من وادەم تەواو بوو، بەخێر توانیم کارەکەم تەواو بکەم توانیم ئەو حەڤدە کەسە بپارێزم. هەر ئەوە بوو تابووتەکان دەکرانەوە، هەر تابووتەو لە ناویدا دیسکێتێکی تایبەتی تێدایە، لە ناو دیسکێتەکان ژیاننامەی کەسەکانی تێدابوو، بەڵام ئەم دەموچاوانە مرۆڤ بوون و تەنها حەڤدە پیاوی تێدابوو. تابووتەکان بە ریز دەکرانەوە، دوایین تابووت لەناویدا تەنها دیسکێتێك نەبوو، بەڵکو پرۆفایل و (سی دی)یشی لەگەڵدا بوو، دیارە ئەمە سەرۆکی ئەم حەڤدە کەسەیە، یانیش ئەوەتا دیارە ئەمە ژیانێکی جیاوازی لەگەڵ ئەم حەڤدە کەسە هەبووە. هەرچۆنێك بێت هەریەکەو لە ناو تابووتی خۆی هاتە دەرەوەو، ئەم سەیری ئەو دەکات، ئەوەی تر سەیری ئەمەی تر دەکات!

سەیرە کەس لە زمانی ئەوەی تر تێناگات، لەسەر دیسکێتەکە نووسراوە بۆ گۆڕینی زمان ئەو فۆنتە بە وایەرێك لە مێشکی خۆت ببەستەوە، دەتوانن بیکەن بە زمانی ستاندارد. دەبوو هەموویان لەوە بگەڕێن کە شتێك بکەن بۆ ئەوەی زمانە ستانداردەکەی نێوان خۆیان بدۆزنەوە. ئەوە بوو یەکێك لە ناو ئەوانە $11$ زمانی دەزانی. توانی بە هەرجۆرێك بێت بزانێت ئەمانە کێن و چین پێویست بە چ زمانێك دەکات، بەڵام لە دوانیان کەوتنە گومانەوە. دەبێت ئەم دوانە کیٚ بن، بۆچی ناتوانن کۆدەکانیان لە ناو زمانەکان بدۆزرێنەوە. هیچ نەکرا، نەتوانرا هیچ بۆ ئەم دوو کەسە بکریٚ. پیاوە زمانزانەکە هەوڵیدا بە ئاماژەو ئیشارەت تێیان بگات، چووە ناو دیسکێتەکەوە، توانی بزانێت کە ئەمانە کوردن، بەڵام ئەمیش بە ئیشارەت پێی وتن: "بوەستە ئێستا بە کۆمپیوتەرەکە دەڵێین بزانین ئەو زمانەی هەیە یان نییەتی". ئیدی پیاوە زمانزانەکە چووە سەر کۆمپیوتەرەکە دیسکێتی ئەم دوانەی خستە شوێنی دیسکێتەکە، زمانی کوردیش هەبوو، کۆمپیوتەرەکە پرسیارێکی ئاراستەی پیاوە زمانزانەکە کرد پرسیاری ئەوەی کرد: "ئەمانە بە چ زارێك قسە دەکەن؟" لە وەڵامدا وتی:"من هەر هیچ تێیاناگەم". کۆمپیوتەرەکە وتی:"چەند دەقیقەیەك بوەستە ئەگەر لە بانکی زانیارییەکان یارمەتی هەبوو، وەڵامت دەدەمەوە"، ئەوە بوو دوای چەند دەقیقەیەك وتی:"کێشەیەك دروست ناکات. وایەرەکە لە دواوەی مێشکیان پەیوەست بکە، من دەتوانم بە هەردوو زار هەوڵدەدەم هەمان زمانی ستانداردی تێگەیشتنی ئەوان لەگەڵ ئێوەدا دروست بکەم، بەڵام ئەم دوانە $20$ دەقیقەیەك سەر ئێشە دەگرن چونکە زیاد لە پێویست مێشکیان بە وایەرەکەوە دەلکێندرێت". ئەوە بوو ئەم دوانەش کەوتنە ریزی ئەو زمانە ستانداردەی کە کۆمپیوتەرەکە بۆ ئەوانی تری دەستنیشانی کردبوو.

***

# سەرەتاکانی ناسینەوە

وەکو دەبینرا دوایین تابووت، لەوانی تر جیاواز بوو. هەموو کەرەستەکانی لەوانی تر نەدەچوو، بەژن و بالأشی لەگەڵ ئەوانی تر جیابوو، ریش سپی، جلێکی جیاواز لە کفن نەدەچوو، بەبەخێرهاتنێکەوە بۆ ئەوانیتر دەستی پێکرد. ئەمانیش لە چوار دەوری گەلەکۆمەیان لێکردو، دنیایەك پرسیار لە مێشکیان تەنگەتاوی کردبوون. ئەم بەوی دەوت تۆ ناوت چییە، ئەوەی تر بەمەی تری دەوتەوە، بەشێوەیەك هەمووی ناسین و سەرەتایەك بوو بۆ ئەوەی لە یەکتر ورد ببنەوە.

ئەو پیاوە جیاوازە وتی:"ساڵی نوێتان پیرۆز بێت، ئێمە دەمێکە لە ناو ئەم تابووتە گیرمان خوارد بوو، نازانم خەومان لێکەوتبوو، یان مردوو بووین"، بەو پرسیارانە سەرنجی راکێشان و وتی:"هەریەکەو لە شوێن خۆی، خۆی بناسێت و با قسەمان بۆ بکات. چونکە دەبێ بزانین چ شتێك ئێمەی لێرە کۆکردۆتەوەو کوا ئەو ژیانەی کە جاران لەسەر ئەم زەوییە هەبوو. کوا ژیان ئەوها چۆڵەوانی بوو، ئەی کوا باڵندەو کوا جریوە جریو، کوا دەنگی ئاژەڵان". لەم قسانە بوو، وتی:" دەبێ خێراکەین بۆئەوەی سەرە داوێك بدۆزینەوەو قسە بکەین". کەس رازی نەبوو ئەم وایەرە لەسەر پشتی سەری ببەسترێ، ناچار بوون پرسیارێك لە کۆمپیوتەرەکە بکەن، کە کام تابووت یەکەمجار کرایەوە لەوەوە دەستپێبکات. ئیدی کۆمپیوتەرەکە بە بێ ئەوەی فێڵ بکات، ریزبەندی کرانەوەی تابووتەکانی پێراگەیاندن.

***

# دووباره دابڕانی "ئادەم" له "حەوا"

کەسی یەکەم هەڵساو، وەك ئەوەی دووباره دونیایەکیان کە پێشتر لێسەندبوو، ئەمجاره لەسەر زەوی دایك راونرابێت، ئاخۆ دەبێت ئەمجاره کام سێوی کرماوی خواردبێت، دەبێ ئەمجاره کام شەیتان خۆشییەکانی لێتێکبداتەوەو، تووڕهەڵبدرێت، بیری له ناو ئەو گەمە گەردوونییە گێژی خواردبوو. پیاوە زمانزانەکە سەیری کەشتییە خەیاڵییەکانی دەکردەوە له ناو چاوەکانی وردەبۆوە هەستی کرد ئەگەر وا بڕوات ئەم پیاوە له ناو خۆیدا ون دەبێت یەکسەر ئەوەی پێویست بوو بۆ لکاندنی پشتی سەری کەسی یەکەم و کۆمپیوتەرەکەو، خستنە شوێنی دیسکێتەکە کردی و، چووە شوێن خۆی دانیشتەوەو، بزانن کەسی یەکەم کێیە. هەموویان پەرۆش بوون بزانن ئەم کەسە کێیە. دەبێت ئەوان کێ بن. ئەم پرسیارانە تووشی دڵەڕاوکێی کردبوون.

کەسی یەکەم ژیاننامەو ناوی تەواو لەسەر شاشەکە دەرچوو، کە تەنها ناوی (ئادەم)ە، نه باوکی هەیە، نه دایکی هەیە، بەڵکو یەکەم مرۆڤی سەر ئەم زەمینەیەو، بابە گەورەی هەمووانە، دەستی بە گێڕانەوەی خۆی کرد، کە چۆن لەسەر ئەم زەوییە خۆی و خێزانەکەی ژیاون، کە ناوی (حەوا)یەو دایە گەورەی هەمووانە، ئەمە نیشانەیەکی غەریب بوو، پیاوە ریش سپییەکە بە هێمنییەوە پرسیارێکی لێکرد: هەر ئەوەندەت لەبیرە؟ ئەمیش وتی: "یارمەتیم بدەن تا تەواو دەچمە ناو پرۆفایلەکان"، چاوەکانی داخست دەیویست بچێتە ناو یادگارییەکان، ئادەم وتی: "نا هەر ئەوەم لە بیر نییە. بەس دەزانم لە پەنا دارێك خەوتووبووم. یەکەم جار بوو چاوم کردەوە لەسەر ئەم زەمینە، لە بن دار سێوێك بووم، هەستم کرد برینێك لە پەراسووەکانم هەیە، جمە جمە کەوتە ناو دڵم کە کەسێکی تر هەیە وەکو خەون وایە، بالاّی نەرم و نیان و دەست و پەنجەیەکی ناسك، مەمکەکانی لە مەمکی من نەدەچوون، هەڵسامە سەر پێ و یەکسەر بە دوایدا گەڕام، سالاّنێکی زۆر بەدوایدا گەڕام تا دۆزیمەوە، ئەمیش رووداوەکەی وەکو من وابوو، منیش لە ناو هەست و بیری ئەودا بووم، ئیدی ژیانمان بەیەکەوە بردە سەر، منداڵمان دروست کرد. ئەوەم دێتەوە بیر کچێکی زۆر جوانم هەبوو، بە دایکی دەچوو، دوو کوڕم هەبوو، کردیانە شەڕێکی خوێناوی لەسەر ئەم کیژۆڵەیەم، کوڕەکانم ناویان هابیل و قابیل بوو، هابیل، قابیلی کوشت، ئەوەم دێتەوە یاد کە جەرگم سووتاو هەستم بە پەرێشانی کرد، کە نەوەکانم هەمیشە خەریکی کوشتنی یەکتر دەبن".
(ئادەم) ئارەقەیەکی زۆری لێ دەتکاو گەرم داهات بوو، دەتگوت سەر لەنوێ هەست بەو ئازارە دەکات، کە ئەو کاتەی کوڕەکانی لەیەکتر بەربوونە، چاوەکانی ئەبڵەقیان کردبوو. ناچار پیاوە ریش سپییەکە لەسەرخۆیەوە وتی: "با ئەوەندە بەس بێت بۆ ناسینت باپیرە گەورە"، پیاوە زمانزانەکە بە رێزەوە وایەرەکەی لە پشتی سەری لێکردەوە.

***

# ئیمپراتۆرێکی بەستەزمان

کەسی دووەم کە ئەم قسانەی بابە گەورەی بیست ترسا ئەم هابیل بێت یان قابیل! دەبوو بچێتە نزیك کۆمپیوتەرەکەو ئەمیش خۆی بناسێت پێش ئەوەی ئەوان بیناسن. ترس و گومان ئارەقەی پێکردبوون. پیاوە زمانزانەکە هەستی بە لەرزینی کەسی دووەم دەکرد، کە هەموو گیانی بیووە ئاو.

زەنای رەشەبا وروژوومی دەکرد، شەڕگەکان چۆل بوون، یادەوەرییەکان خووسا بوون. ئەو ئاوە سازگارەی رووبارەکان، بە ریتمی ئاوازێك رەشەباکە سەمای لەسەر دەکرد. ئەم ئاوە وەك تەلەرێکی دەنگدار دەلەرییەوە. هەوریش بە تێڕامانێکەوە پشتی لە هەتاو کردبوو، چاوەڕوانی باوەشی زەوی بوو، دووبارە بارانەکەی لە ئامێز بگرێتەوە.

ئەمە زێدەتر ئەم پیاوەی تۆقاندبوو، پێیەکانی لەگەڵ زەوی شەریان بوو، ئاخۆ خۆی بدا بەدەستەوە، برینەکانی هەمدیس نویٰ بێتەوە، کە چاوی دەبڕییە دیمەنەکان "رۆما" وەك بوونەوەرێکی ئازا، هەمووی چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەبنەوە، ئەمجارەش بێتەوە.

پیاوە زمانزانەکە دیسکێتەکەی داناو، ئەمیش بە ئاهێکی ساردەوە دەستی بە قسەکردن و وتی: (من ناوم "گلیۆس قەیسەر"ە، لە ساڵی 12 پێش زایین لە دایکبووم، لەگەڵ باوکم بەرەو سوریا بەڕێکەوتم لەویٰ وەك جەنگاوەرێك جلی جەنگاوەریم لەبەر کردو شت و مەکەکانی (کالیگای)م لەبەر کرد، نازناوی کۆتاییم بوو بە (کالیگۆلا)، لە دوای (تیبریۆس) لە ساڵی 36 زایین تەختی رۆمام وەرگرت، لە ساڵی 41 زایین ئەو ئەفسەرە خیانتکارە تیرۆری کردم، کاتێك کە دەچووم بۆ سەیرکردنی یاری وەرزشی. (کباریا) تۆڵەی خۆی لە من سەندەوە، کاتێك لەبەرچاوی هەموو خەڵك ریسواو زەلیلم کرد.

من باوکم کوشت، عەشقی خوشکە ناسکەکەم بووم، بەو ئارام و دڵگیر دەبووم، ئاکاری خەڵکی رۆمام بە دڵ نەبوو، خۆیان فێریان کردم سزایان بدەم، سزاکانم دڵگیر بوون، دەمزانی حەزیان لێیە، بەس کە خوشکەکەم مرد، منیش ناخم تاریك بوو). فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوارەوەو چیتر قسەی بۆ نەدەکرا، ئیدی خەریك بوو ببوورێتەوە. کە سەیرێکی مانگی کرد، هەستی بەتەنهایی کرد، یادەکان شپرزەی کردن، ناچار پیاوە زمانزانەکە وایەرەکەی لە پشتی سەری دەرهێنا.

پیاوە ریش سپییەکە هەستی کرد بۆ ئەمشەوە بەس بێت، هەستی کرد هەموو مێشکیان وەستا. ئەوانە لە چ سەردەمێك کەوتوونەتە بەرچاوی یەك، چ شتێك ئاوا ئەو حەڤدە کەسەی کۆکردۆتەوە، خۆ هەر یەکەو سەردەمێکە، سەردەمی جیاوازو لێکدوور. ئیدی وتی: "با بچینەوە ناو تابووتەکان"، روخسەتیان لە جەنابی کۆمپیوتەر وەرگرت کە پێویستیان بە پشووە، ئەم بەرەبەیانە زوقماوییە دوای ئەو بارانە بەتاوە، ساردی کردبوو، ئەم ئەستێرانەش زەردەخەنەیان دەهات و هێشتا خەو نەیبردبوونەوە. لە بەیانیدا چاوەڕوانی چلورە بەستنی پشتی زەوی بوون. ئاخۆ بەیانی هەتاوە ، یان دیسان رەوە هەور بە باران دایاندەکوتیٰ. کۆمپیوتەرەکەش میوزیکێکی تایبەتی خستە سەرو وەکو ئەوەی فەرامۆشیان بکات و دەنگی بە ناو گەرووی ئاسماندا دەرۆیشت، هەندێك جار وەك مرۆڤ دەستی بە ورتە ورت دەکرد، وەکو ئەوەی لەبەردەم خۆی بیەوێت دڵنەوایی خۆی بکات و گۆرانی بڵیٰ.

# بێدەنگییەکی ناوازە

ئەو بەرەبەیانە، خۆر شەبەنگەکانی وەك دەستێکی هانا بەپشتی زەوی دادەهێنا. ئەم زەوییە لە بێدەنگێکی تەنها دەچوو، زەویش وەك تەنهایی خۆی هەستی بە پەرێشانی تاراوگەبوونی خۆی دەکرد لەم گەردوونە. ئەمان لە دوای خەوهەڵسانیان دەستیان کردەوە بە مشت و مڕ تەنها تا ئێستا دوانیان دەناسن، هێشتا پانزە کەس ماوە بزانن کێیەو چییەو لە چ سەردەمێکدا بووە، گوناهو چاکەکانی خۆیان بخەنە روو، ئەوانە لە مشت و مڕدابوون، پیاوە ریش سپییەکە لە دووری ئەوان دانیشتبوو، بێدەنگ ببوو، بەڵام لەناکاو هەستت بە تووڕەبوونی کۆمپیوتەرەکە دەکرد، بە دەنگێکی گەورەوە نەڕاندنی: ئەوە بۆ وا ترسنۆك‌و بەستەزمانن، کاتی خۆی منتان دروست کرد، بیرتان لە هەست و بیری من نەکردەوە، منتان بۆ دەیان شتی نابەجێ بەکارهێنا، واتان لێکردم لێتان یاخی بم، هەڵسن بە یارییەکە تەواو بکەین، با کەسی سێیەم بێتە پێشەوە، بە ریسوا کردنێکەوە وتی: ئا تۆ زمانزانی هیچ نەزان هەڵسە ئەرکەکانی دوێنێ راتپەڕاند، ئەمڕۆ تەواوی بکە.

بێدەنگی سەرتاپای گرتەوە، ئێستا شوێن گۆڕاوە، دیمەنەکان، دیمەنی ترن، ئێستا لە کوێی زەوین، بەردی گەورە گەورەی خاپوور کراو لە چواردەوریاندا وەك پەیکەری شکاو وەستاوە، هەندێك لەو بەردانە لە شێوەی خەوتنێك پاڵکەوتوون. ئێرە لە وڵاتی رۆما دەچێت! ئەو وڵاتەو، ئەو بەردە گەورانە لە کۆشکەکانی رۆما دەچێت. ئەی دوێنی کوێ بوو، ئەمە پرسیارگەلێك بوو، لە زەینیاندا بە ئەبڵەقی مایەوە بێدەنگی وەك هەورێك لەسەر دەموچاویان هەڵنیشت.

***

# بەشی دووەم

# یادەوەرییەکان و چڵێ نێرگز لە کۆیەدا

دوای ئەم کابووسەی کە تووش هاتوون، لە خەوێکی قووڵدا کە ڕۆژی پێشووتر بێدەنگیان لێڕوا، ئەمڕۆ لە ناو خەوێکی ڕابوونەوە، بەڵام دیمەنەکان ئەمجارەیان سەرسامییەکی تر بوو، ئێستا کەوتوونەتە ناو وڵاتی میسرو، سەردەمی ئەهرامەکان، بەڵام ئەو ئەهرامانە هەمووی تێکشکاوو لەبارچووە، بەناو یەکدا چوونەتەوە. وەك ئەوەی "موسا" بە گۆچانەکەی یاری بەو ئەهرامانە کردبێت.

پیاوە ریش سپییەکە هەستی دەکرد، وەك هەڵۆیەك بە سەر ڕووباری نیلدا، چاوەکانی بەدوای نێچیرێکدا دادەگەڕا، سەیر بوو، ئەو ڕووبارە هەروەك جاران پێچەوانەی هەموو ڕووبارەکانی دونیا دەڕژێتەوە ناو دەریای سپی. لەم ڕامانانە بوو، کەسێك لە ناویان دەستی بە کۆکە کرد، بۆئەوەی بیگەڕێنێتەوە ناو دانیشتنە بێئاکام و نادیارەکەیان.

ئەوەبوو، وتی: "ببوورن هەر لێرەم، با دەست پێبکەین".

کەسی سێیەم بەهەمان هەستی ئەوانەی پێشووتر هەڵسایەوەو، پیاوە زمانزانەکە وایەرەکەی خستە پشت سەری و پێی وت: "ئێستا تۆش دەناسم! دەردەکەوێت چ پیاوێك بووی".

کەسی سێیەم چاوەکانی داخست و بە شەرمەزارییەوە دەستی بە قسەکردن و وتی: "من ناوم (ئیسحاق)ە، مێژوویەکی دەربەدەرو ناخۆشم هەیە، چونکە جولەکەم. کاتی خۆی ماڵمان لە شاری (کۆیە)بوو، باخچەیەکی جوان و بچووکمان هەبوو، چوار دەورمان ماڵە کورد بوون، لەولاشمانەوە گوندێك هەبوو، ناوی (هەرمۆتە) بوو، هەموو ماڵە مەسیحی بوون، ئەوانیش گۆڕستانەکانیان بە داری زەیتوون داپۆشرابوو، ژیان لەگەڵ ئەو خەڵکە لەویٚ زۆر خۆش بوو، حەزم لە کچە کوردێك دەکرد، هەمیشە دەهات بۆ باخچەکەمان، تەمەنم ئەو کاتە 17 ساڵێك دەبوو، ئەو کچە هەموو کات کە دەهات بۆ لام بە ئاخێکەوە چڵە نێرگز و ڕەیحانی بۆ دەهێنام، ماچی چاوەکانی مەستیان دەکردم، بەڵام لەوە ناخۆشتر نەبوو، کاتێك لەو شارە بچکۆڵانەیە دەریان کردین، باخچەکەیان لێداگیرکردین، کە هەرچەندە کوردەکان و خێزانی ئەو کچە میهرەبانی پێکەوە ژیانم لێدەبینین، لیٚ چی شتی ناو ماڵی خۆمانمان هەبوو، پێشکەشی ئەوانمان کردن و ئەمیش بە نابەدڵییەوە پێی وتم: "کە ئەم دینە ببینە چەند ئازاری داین تۆ ئێستا بۆ کویٚ دەچیت و ئەو ئەشقەش چی بەسەر دێت!".

من هەر لە دووری ئەو کچەوە شەوو ڕۆژ بیرم لە باخچەو دیدارو چڵە نێرگزو چڵە ڕەیحان و بۆنی مەمکی دەکردەوە، تا دواجار لە شەڕێکدا کە سەربازبووم بە دیلی گیرام و بەدەست عەرەبەکانەوە کوژرام، کاتێك ڕووی چەکەکەیان لێم کرد، وێنەی چڵە نێرگزەکەو باخچەکەو ئەو کچە لە ناو مێشکمدا بوو، کە تەواویان کردم، ئەو وێنەیە بووە نەخشێك لەسەر چاوانم. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە من پیاوێکی کۆچەر بووم و لەسەر ئەم زەوییە تەنگەتاو کرابووم، مەوتەنی من ئەو باخچەیە بوو. بە ناچاری جێمهێشت و ئازار لە چاوەکانم دەڕوا).

پیاوە ریش سپییەکە وتی: (هەموومان دەتناسین ڕۆڵە. با ئەوەندە بۆ ناسینی تۆ بەس بێت. تۆ ئەم کۆچ و قەرەج بوونەت دەیەها شێوازو سیفاتی پێبەخشیت لەسەر ئەم زەوییە). پیاوە زمانزانەکە وایەرەکەی لێکردەوەو پێی وت: (هاوخەمی تۆم).

***

## پیاسەی دەم کەنارەکانی رووباری نیل

هەریەکەو بەدرێژایی ئەم رۆژە وەك گەڕیدەیەك رووەو کەنارەکانی نیل بەڕێکەوتن، دەتگوت دەچن لەوە رادەمێنن، بزانن موسا چۆن ئەو گۆچانەی لەم رووبارە گرتووە، چۆن ئەم رووبارەی دوو لەت کردووە.

ئەم رووبارە تا چاو بڕی دەکرد، شەپۆلەکانی گێژەنی دەخوارد. بەرەو دەریای سپی خۆی تێکەڵ دەکردەوە. هەر حەڤدەیان بە جۆرێك لەسەر ئەم کەنارە رووگەیان گرتبوو، جار جار لە دوورەوە هاواریان بۆ یەکتر دەکرد. بانگکردنەکان بە هۆۆۆ هۆۆۆ هۆۆۆ ، هیٚ هیٚ هیٚ لە خۆیانەوە مانایان لە بیری تازەی سەر ئەم کەنارە ئاخنرابوو.

ئێوارە هات، ئەم نیلە قەوزەو سەوزاییەکانی دەم کەنارەکانی سێبەری تەڵخی ئێوارەیان لەسەر نیشتبوو، خۆرەتاویش وەك ئەوەی رەنگی پرتەقالی گرتبێت، لە ناو ئەم ئاوەدا مەیی بوو.

هەر جارەی یەکێکیان بە زەوق و سەلیقەوە کە دوای ئەوەی لەگەڵ ئاوی ئاشنادا، ئاشنا ببوونەوە، تابووتەکان ئامێزی بۆ کردنەوە، ئەم شەوە بەدەم ئیسراحەتەوە لەگەڵ  تریفەی مانگەشەو شەودا پێڵوەکانیان جووتبوو. پیاسەکانی دەم ئەو کەنارە دووبارە خەونی ئەمشەوەی بۆ خۆشکردنەوە.

***

# لم و بیابان

ئەم بەرەبەیانە دوای ئەم خەوە خۆشە، کاتێك لە خەو هەڵسانەوە، تۆزو لم تابووتەکانی هەللۆشی بوو، دونیا بە جارێك گۆڕاوە، شوێن گۆڕاوە، کات لەسەر کۆمپیوتەرەکە وەك ئاسایی خۆی زەمەن دەبژێرێ.

بە ناڕەحەتییەکی زۆرەوە سەری تابووتەکان دەکرانەوە، لم وەك بەرماڵێك لەسەر ئەم زەوییە راکشاوە. ژیان لێرە زۆر ستەمە، هەر دڕکی بیابانەو لە دووریشەوە هەر سەرابەو چاو تەفرە دەدا.

پیاوە ریش سپییەکە نەیدەتوانی دەرگای ئەم تابووتە لەعنەتییە لەسەر خۆی ئاوەڵا بکا، تا ببینێ ئەو لمە چەند بێباکانە، گەردو تۆزەکانی دەخاتە قوڕگی ژیانەوە.

دانیشتن لەبەر ئەم هەتاوە سووتێنەرە، رۆحی مرۆڤ هەڵدەکێشێ، هیچ بیرکردنەوەیەك ناهێڵێت، هیچ رامانێك نامێنێ، لێوەکان وشك و برینگ، پەناگەیەك نییە، لەم دۆزەخی لمە رزگاریان بکات. تا ئێوارە درەنگانێ ئەم گەردەلوولە هەراسانی کردبوون.

کە ئێوارە خۆی خستە نێوان ئەم گەردەلوولەو ئەو حەڤدە کەسەوە، وەك ناوبژێکارێك ئاشتییەکی لەنێوانیان راڤە کرد. ئەوە بوو، مرۆڤ هەندێك هێور دەکاتەوەو هەندێکیش لەم توڕەبوون و گرژبوونەوەیەشدا، کاڵتری دەکاتەوە، ئەو ئاسمانە شینەش، رامانەکان سەرلەنوێ لە دایکبوونەوە.

هەر یەکەو لە شوێن هەستی بە ساردی شەو دەکرد. ئەم بیابانە وەك ئەوە وایە شەوی بەهەشتێکی جوان بێت کە دیمەنەکانی ئاسمان وەك خۆی دەبینیت. رۆژیشی وەك دۆزەخ وایە، کە بستێك پێش خۆت ناتوانی ببینیت.

لەم بیابانە لماوییە هەست دەکرد بەلای کەسی چوارەمەوە نامۆ نییە، ئەم پیاوە سەیری ئەملاو ئەولا دەکات، وەك ئەوەی نیشتمانی لماوی خۆی بیرکەوێتەوە. چنگێکی لە لم هەڵداو، هەڵیڕشت و وتی: "ئەمشەو ساردییەکە مام ناوەندییە، خەومان خۆش دەبێت".

پیاوە ریش سپییەکە وتی: (دەکەوایە با کەسی چوارەم بچێتە پێشەوە، دەبێ بزانن رووداوەکان تا دێ دڵتەزێنتر دەبین" و بەسەرسامییەکی خەمبارەوە: "دەزانن بەرهەمی ئێمە زۆر شەرمەزارییە!).

ئینجا کەسی چوارەم  بە خۆی و عەگالەکەی چوو دانیشت، کۆمپیوتەرەکە بە تووڕەبوونێکەوە وتی: (هیچ شتێك نابێت لەسەرتان بێت، دایکەنە).

عەرەبەکە عەگالەکەی لەسەری داکەندو، پیاوە زمانزانەکە وەك پیشەیەك وایەرەکەی بەسەرییەوە لکاندو کەسی چوارەم دیسکێتەکەی خۆی خوێندەوە، وتی: (من ناوم "ئەحمەد مەحمود ئەحمەد"ە، کاتێك تەمەنم 7 ساڵان بوو، باوکم وتی ئێمە نەوەی موسڵمانین، مرۆڤی مۆسڵمانیش کاتێك کە گەیشتە 7 ساڵان دەبێ دەست بە نوێژ بکات و لە فەرمانەکانی خوا دەرنەچێت، ئێمە حوشترێکی زۆرمان هەبوو، دێتەوە خەیاڵم کاتێك 8 ساڵان بووم، حوشترەکانی هۆزەکەی ئەمدیومان هاتبوون بۆ لەوەڕی ئەو دڕکانەی ناوچەکانی ئێمە، ئیدی شەڕو پێکدادانێکی خوێناوی دروست بوو، باوکم چی حوشتر هەیە هێنابووی لەگەڵ خۆیدا، باسی قارەمانێتی برا گەورەکەمی دەکرد، کە چۆن بەربۆتە گیانی ئەوان و چۆن ئەوانی کوشتووە، چۆن چۆنی سەری منداڵەکانی ئەوانیان سەربڕیوە، لەم دەستکەوتە خوێناوییە براکەم دوو ژنی ئەوانی بۆ خۆی تاودا بوو. باوکم هەر پێیدەوت کە یەکێکی بداتێ چونکە ئەوەی بەر باوکم کەوتبوو، بەدڵی نەبوو.

رۆژێك خوشكەكەم كە لە تەمەنی هەرزەكاریدا بوو، لە ناو ئەو بیابانە لەگەڵ ئامۆزاكەم پێكەوە جمەیان دەهات وەكو كۆتر، بینیم رانیان لە رانی یەكتر دەخشێنن و چی خوا پێی ناخۆشە وەكو هەموو جار باوكم دەیوت دەیانكرد، من سەرەتا ترسام ئاخۆ بە باوكم بڵێم یان نا، بیڵێم دەیكوژێت نەیڵێم ترسی خوام لە دڵە!

سەعدییەی خوشكم هاتەوە ماڵ، زۆر دڵی خۆش بوو، منیش سڵم نەكردەوەو، یەكسەر بە باوكم راگەیاند، باوكم سوورهەڵگەڕاو بە ئەستەغفروڵڵا دەستی پێكردو هەر دەیگوت "لا حول ولا قوە"، من وەك پەڕێكی زەردم لێهات، شەو بوو، سەعدییەی خوشكم لە ناو شیرینی خەودا بوو، كاتێك باوكم لە ئێوارەوە چەقۆكەی تیژ دەكردەوەو دەیگوت: "دەبێ هەرچی زووە ئەمشەو (نامووس پاقژی) بكەین". من هەراسان ببووم، ئەو خوشكە نازەنینەم بە دەستی خۆم بە كوشتدا، كە سەیرم دەكرد لە ناو خەودا دڵە خۆشەكەی مەستی كردبوو.

من لە ناو جێگاكە بووم لە ژێر ئەو چادرەوە، باوكم بانگی برا گەورە پاڵەوانەكەمی كرد، كە یارمەتی بدات. ئەوەبوو براكەم دەست و قاچی سەعدییەی خوشكمی بەست و پێی وت: "شەهادە بێنە، با زوو نەجاتت بێت و خوای گەورە لە گوناهت خۆش بێت"، سەعدییەی خوشكم حەپاسە بوو، هەستی كرد دڵەكەی تەواو دەكەن، وەك بەستەزمانێك شەهادەكەی هێناو، باوكم سەری لە لەشی جیاكردەوە. ئامۆزاكەشم بیست حوشتری پێشكەش بە باوكم كردو دە حوشتریشی بە براكەم بەخشی لە نێوان خۆیان پێكهاتن.

ئەوە بوو باوكم مردو برا گەورەكەم، رۆژێك هاتەوە ماڵ، كچێكی لەگەڵ خۆی هێنابوو، وەك دەستكەوت، مارەی كردو بێئەوەی گوێ بە هیچ بدات، خۆی كرد بە زاوا. بە منی دەگوت: "ئەگەر هەر ژن نەهێنیت و دەستكەوتت نەبوو، كە لەو نەعلانەی لە پێیان دەكەم، یەكێكیانت دەدەمێ، هەی ترسنۆك!" منیش سەیرم پێدەهات نەعلەكانی براكەم ژنەكانی بوون. ئاخۆ بۆ دەیدا بە من، سەرسامی كرد بووم بەو قسانەی.

لە شەوی زاوایەتی نەیانهێشت ئەو نەعلە لەبەر بكات، كە خۆی ناوی نابوون نەعل، بەڵكو لەژێر چادرەكەوە، براو كەسی كچەكە هاتن لەژێر چادرەكەوە هەردووكیانیان سەربڕیبوون. من بوومە سەرۆك هۆزو ئەو هەموو حوشترو نەعلە بۆ من جێما. ئەوە بوو براكەم سێ ژنی هەبوو، هەر سێكیان شەوان لە پاڵم درێژ دەبوون، وەك مێرێك هەرچیم دەوت، نەیاندەوت نا، چونكە تێرم دەكردن و، ئەگەر شەڕێك ببوایە، چ زۆر بوو حوشتر زۆر بوو، لەبەر زەوقی خۆم وەكو باوكم و براكەم ئازایەتی و پاڵەوانێتیم نەدەكرد، چۆن ئەو سێ ژنە نازدارە لە كیس خۆم بدەم.

ئەوە بوو ماڵێكی دوورە هۆزێك هاتن، كە ئەگەر بێت لێبگەڕێم و حوشترەكانیان بێنە ناو خاكی منەوە، منیش وتم كچتان هەیە خزمایەتی بكەین، ئەوە بوو كچێكی ناسك و تەڕم لە هۆزی ئەوان هێنا، بووم بە خاوەنی چوار ژنی نازدار.

كوڕەكانم هەر خەریكی دەستبازی و رابواردن بوون لەگەڵ كچانی هۆزەكانی تر، منیش خۆم بۆ شل كردبوون. كچێكم رایكرد، كوڕێكی دوورە هۆز بۆ خۆی برد. وتم با وەكو سەعدییەی خوشكمی لێنەیەت، هەڵسام بە چل حوشتر مەسەلەكەم چارەسەركرد. بەڵام هەر رقم لێی دەبۆوە، ئەوە بوو رۆژێك لە ناو شیرینی خەودا بووم، كوڕەكەم لە تۆڵەی ئەوەی "ناموس پاقژ"یم نەكرد، خەڵتانی خوێنی كردم).

ئینجا پیاوە ریش سپییەكە، سەیری نیگای چاوانی ئەحمەدی كردو وتی: وابزانم بەسە وایە؟

پیاوە زمانزانەكە وایەرەكە لەسەری كردەوەو پێی وت: "هەندێك ئیسراحەت بكە، ئەوەندە بیر لە حوشترو ژنە نازدارەكانت مەكەوە".

پیاوە ریش سپییەکە بە داماوییەکی زۆرەوە سەیری ئەو ئەستێرانەی کردو هەڵسایەوە بە ناو ئەواندا پیاسەی کردو دەهات و دەچوو، هەموویان سەیری پێیەکانی ئەویان دەکرد.

***

## دڵۆپەکانی ڕۆحی بوودا

پاش ئەوەی ئەم بیابانە دوێنی شەو سەرگەردانی کردبوو، خەوێکی زۆر قووڵ لە ناو تابووتەکانیان هەموویانی کشومات کردبوو. وا هیلاك ببوون، نێوچەوانیان وا لە تاو زیخ و لمی ئەم بیابانە وا گرژببوو، پێویستیان بە کاتێکی زۆر هەبوو، چونکە دوێنێ شەو لە ناو ئەم ساردییەشدا هەندێك هەڵکوڕما بوون.

چاوەکان کرانەوە، دەبێ ئەمجارە لە کام شوێنی سەر زەوی چاو بکەنەوە، کە هەڵسانەوە، لەسەر شاخێکی گەورەو بەرزەوە بوون تا چاو بڕی دەکرد، ئەم زەوییە دەبینرا، ئەم دۆڵانە چەند ترسناکئامێزن. کاتێك کە دەکەویتە خوارەوە ڕەنگە کاتێکی زۆری دەوێت تا زەوی دەتگرێتەوە.

ئێرە ناوچەی "تبت"ە یان با بڵێین چیای "تبت"ە. ئێمە لەودیو سێبەرەکەی بەری ئەم شاخە بووین، واتە لە دیوی وڵاتی چین بووین. ئێوارەیە ئەمڕۆ هەر هەتاومان نەبینوە، بەفرێکی زۆر ئەم ناوەی داگیر کردووە، لەوێدا بەفر چلوورەی کردبوو، چلوورەکانی بەفر دڵۆپەکانی ڕۆحی بودایان وەك پەیکەرێکی شووشەیی لێکردبوو. هەموو شتێك لێرە گیانی چۆتە ناو چلوورە بەفرانەوە.

## نەوەیەکی بوودایی

کەسی پێنجەم هەڵسایەوەو بە سانایی وتی خۆم وایەرەکە پەیوەست دەکەم و دیسکێتەکەی دانا ناو کۆمپیوتەرەکەو وتی: (من لە ڕەسەنا خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیام، پیاوێکی بەناو بودیم، لە ناو چاکەو حیکمەدا گەورەبووم، من باوکی خۆم بیر نایەتەوە، تەنها ئەوە نەبێت، من لە قوتابخانەیەکی بودیدا گەورە بوومە، دەڵێن دایکم لەبەر من چووە. من کارەکانم تەنها فێرکردنی ئەو دەرسانەبوو کە مامۆستاکەم کاتی خۆی لە منداڵی هەموو ڕۆژ دەرسی دەدام، منیش هەر ئەوەم لە ناو مێشك و زەیندا بوو، بە قوتابییەکانم دەوتەوە، هەمیشە ئەوەم بە قوتابییەکانم دەوت کە نەرم و نیان و لەسەر خۆبن، ئەوەی لەو قوتابخانەیە دەرسەکانی تەواو بکات، کەسێکی هێمن و لەسەرخۆی لێدەردەچێت.

مامۆستاکەم هەموو کات باسی دوژمنەکانی بۆ دەکردم کە دوژمنەکانی ئەو قوتابخانەیە خەڵکی توڕەو هەڕەشەکەرن، لە دەرەوە زیان بە خەڵك دێنن و قوتابخانەکانی ئەوان شەڕانگێزییە، منداڵان لەسەر بەرهەمی کوشتن فێر دەکەن. هەمیشە خەریکی ڕفاندنی کچ و ژنی خەڵکن بۆ مامۆستای قوتابخانەکەی خۆیان.

ئەوەبوو ڕۆژێك نامەیەکیان بۆ ناردم کە ئەو قوتابخانەیە دابخەم، بەرهەم و ڕەنجی ئەو مامۆستایەم کە لە باب و باپیرییەوە بۆی جێمابوو، هەموو بە با بدەم، بەڵام بیرم کردەوە، ئایا ڕووبەڕووی شەڕێکی خوێناوی ببمەوە، یان ئەو قوتابخانەیە کۆتایی پێبێنم، ئەوەبوو هەموو قوتابییەکانم کۆکردەوەو تێمگەیاندن، وتم شەڕێك یەخەی گرتووین دەبێ بیکەین، لەپێناو مانەوەی میراتی مامۆستاکەم هەموویانم گۆش کرد بە قسەکانم. لە وەڵامی نامەکەمدا پێموتن کە شەڕ دەکەین نەوەك داخستنی ئەم قوتابخانەیە. هاوینێکی گەرم بوو ئەوان خۆیان و سوپا هێرشبەرەکەیان هاتن بۆ سەر ئێمە. ئەوەبوو لە شەڕێکی خوێناویدا ئەوان توانیان دەست بەسەر قوتابخانەکەمان دابگرن و ئەوەی لە ناو ئەم کۆشکە میراتییە کە چەند سەدەیەك بوو هەبوو، هەموومان خەڵتانی

**خوێن بکەن، لەبەرچاوی خۆم، ژنەکەیان هێنام، مامۆستای قوتابخانەکەی ئەوان رووتی کردەوەو کاتێك ویستم خۆم لەو دڕندانە دەرباز بکەم فریای ژنەکەم بکەوم، هەر شمشێر بوو لە گیانم فیچقەی بە خوێنم دەکردو مامۆستای قوتابخانەکەی ئەوانیش تا کارە سێکسیەکەی لەگەڵ ژنەکەم تەواو کرد، چەقۆیەکی بە ناو رانی ژنەکەم داهێناو، ئینجا بە ناو زگی منی داهێناو، بەسەر باوەشی ژنەکەم بۆ دواجار کەوتم، هەردووکمان بەیەکەوە دڵمان لە لێدان وەستا.**

**ئیدی شەڕو ئاژاوە لە ناوچەکەی من، پەرەی سەند، ئیمپراتۆر بە دوای ئیمپراتۆر ئەو خەڵکەیان بەگژ شەڕەوە دەنا، دوای ئەوە نازانم چیتر هەیە، ببوورن هیلاك بووم).**

**پیاوە ریش سپییەکە وتی:" سوپاسی هەست دەکەین مامۆستا گیان، ببوورە ژیانت پڕ بوو لە کارەساتی ناخۆش".**

***

# بەشی سێیەم

# هەناسە بەجێماوەکانی سیبیریا

ئەمشەو بەجارێك تەفرو تونا دەبن، لە ناو وڵاتی بەفردا چاوەکانیان دەکەنەوە. ژیان لێرە جاران تەنها وڵاتی گورگان بوو، مرۆڤ گەر پێکێك ڤۆدگای نەبێت هەر ئەستەمە بتوانێت چەند دەقیقەیەك خۆی لەبەر ئەو زریانی بەفرو سەرمایە رابگرێت.

بەفرین بارین لێرە هەر تەنها یەك ناوی نییە، بەڵکو لە زمانە زگماکەیدا چەندەها ناوی هەیە، چەندەها شێوازی بارینی بەفر هەیە، کە یەکێك ئەگەر بێت و خەڵکی ئەم وڵاتەش بێت ئەوە زەحمەتە هەموو ناوەکانی بزانێت.

ئێرە سیبریایە، ئێرە وڵاتی قەرەجەکان و شۆڕشگێڕە شەهیدەکانە، کە کاتی خۆی ئەوەی تاوانێکی کردبووایە، دەمی بۆ ئازادییەکان بکوتابایە ئەوە یەکسەر نەفی دەکرا بۆ ئێرە.

لێرەش دەبوو بە خۆراکی ئەو گورگانە. ئینجا لەوە ناخۆشتر نەبوو، کە تۆ چاو بکەیتەوەو ئەو زریانە بەفرە سەرو کاسەت بگرێ. تۆ نەوەك هەر بستێك پێش خۆت نابینیت بەڵکو تەنها هەر چاوەکانت بۆ ناکرێتەوە.

سندوقێکی رەشی گەورە لە ناوەڕاستی هەر حەڤدە تابووتەکە بوو، کاتێك کە هەڵسانەوە، بە هەر شێوەیەك بێت ئەم سندوقەیان کردەوە، ئەم سندوقە بەشی ئەم شەوەی ڤۆدگای تێدا هەیە.

ئەوەی ڤۆدگا نەخواتەوە زەحمەتە ئەم شەوە خۆی راگرێت، ناچار هەریەکەو بوتڵێك لە تەنیشت خۆی داناو ناوە ناوە پێکی لێهەڵدەدا.

ئەوەبوو کەسی شەشەم کۆمپیوتەرەکە بانگی کرد، کە نۆرەی ئەوە، کەسی شەشەم بە ریزبەندی کرانەوەی تابووتەکان هەڵسایەوە، پیاوە زمانزانەکە پێی وت: "دەتوانی وایەرەکە ببەستیت؟" ئەمیش بە بێدەنگییەوە سەری بۆ لەقاند کە نا، ناتوانێت، ئەمیش لە شوێن خۆی هەڵسا، وایەرەکەی بۆ بەست و دیسکێتەکەی بۆ خستە ناو کۆمپیوتەرەکە.

کەسی شەشەم دەستی بە قسە کردو وتی: (من ناوم "ترۆتسکی"یە، کاتی خۆی لە رووسیا، خەڵك لە ژیانێکی ناخۆش و چارەنووسساز دەژیا، بۆیە من بیرم لە ژیانی خەڵکی رووس کردەوەو لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەردا رابەرایەتیم دەکرد، من وەك رابەرێك هەمیشە تێڕوانینم بۆ ژیان ئاییندەیی و خۆشگوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی رووس لە کۆشش بووم، ئەوە بوو من بە سەرکردایەتی "لینین" و هاوڕێیەکانی هەوڵەکانمان سەری گرت و شۆڕش ئاپۆڕەی خەڵکی گرتەوەو قەیسەرمان گۆڕ بە گۆڕ کردو، خەڵکی وەك بوونەوەرێکی غەریب بە ناو شارو لادێیەکان دەستیان بە تالان و بڕۆ کردو، لە برساندا بەردیان تاودەدا. ئەوەبوو شۆڕش سەرکەوت، منیش لە هەمبەر بیرکردنەوەی خۆمدا داوای ژیانم بۆ کۆمەڵگای رووسی کردو داوای پێگەیەکی خۆشگوزەران و دیموکراسییانەم بۆ ئەو خەڵکە کرد، ئیدی ئەوە بوو "ستالین" بە ناوی خیانەتکار راوەدوی نام و بوومە خۆراکی ئەو دڕندەیە، لە مەکسیك من دەستگیرام و وەك خیانەتکارێك لە سێدارەیان دام، من کاتێك لە سێدارە درام هەستم کرد، کە ئەوە هەموو ژیانی رووسە وا لە سێدارە دەدرێت. ئەو کاتەی کە لە سێدارەدانەکە نزیك بوومەوە بیرو ئایدیام بەرامبەر بە کۆمۆنیست بوونی خۆم گۆڕا، چونکە ئەوە کۆمۆنیستە ئەمڕۆ "ستالین" بە راستەقینەی دەزانێت، ئەو بیرە کە لە "لینین"ی سەرکردەیەوە بۆی جێما، شۆڕشگێڕێکی وەك من لە سێدارە دەدا.

بیرم لەو مەشروبە خۆشە دەکردەوە خەریك بوو لەو کاتە بڵێم، هاوڕێی کۆمۆنیست پێکێك ڤۆدگا بخەرە سەر ئەو لێوە وشکانەی بیرکردنەوەم بەرلەوەی بمفەوتێنیت، چونکە من ئێستا لەو کۆمۆنیست بوونە پەشیمانم، ئەوەی لە هزرمدا بۆ رووسیام گەلاڵە کردبوو، ئەوە نییە کە ئێستا سەرکردە برۆنزییە شۆڕشگێڕەکان کە لە گۆڕەپانی سوور هەڵواسراون، بەڵکو هزری من مۆسکۆ بوو، ئەوە بەدەستی خۆتان رووسیا لە سێدارە دەدەن.

هیچی ترم پێناوترێت من کۆمۆنیست نیم، بەلاّم مەیلی ڤۆدگام هەیە، مەیلی ئەو کاتانەم هەیە پیاسەیەك بە ناو کوێستانەکانی رووسیا بکەم، بە گەرمبوونەوەی ڤۆدگا، ئەو هزرەی لە مێشکمدا راڤەم کردبوو، دژی ئەو کۆمۆنیستانە بوەستمەوە).

پیاوە ریش سپییەکە هەستی کرد مێشکی "ترۆتسکی" گڕ دەگرێت بە پیاوە زمانزانەکەی وت: (زووکە ئەو وایەرە لە مێشکی بکەرەوە!).

***

# یادەکانی پڵنگی مەزن

دوێنێ شەو سەرما وای پێکردبوون، کە لە ناو تابووتەکان جێگەیان نەبێتەوە. رۆح ببووە یەك پارچە چلوورە تا خەو بردنییەوە، سڕببوون، ئاگایان لەوە نەما، باوەڕیان نەکرد، بەیانییەك بێت، هەتاو بەیانی باشەیان لێبکات و گەرمیان ببێتەوە، ئەم رۆژە کە لەو بیابانە بوون، دوژمنی سەرەکی درێژایی ئەم رۆژەیان هەبوو، کەچی دوێنی چلوورەکان وەك رمێکی ئامادەباش وابوون. لە رۆحیان دەسمێنرا.

بەفر کە چەند پاکیزەو سپییە، وەك وێنەی فریشتەیەك، یان وەك ئەوەی پیرەژنێك کەزییەکانی سپی ببێت، ئەو دیمەنەی زەوی کە لە شوێنێکی بەرز سەیر بکەیت، دیمەنی ئەو پیرەژنە دەنوێنێت. کەچی دوێنی شەو دوژمنێکی هەناسە سارد بوو.

ئەمڕۆ وا لە ناو کەش و هەوایەکی ترەوە، چاو دەکەنەوە، دوای نیوەڕۆیەکی خۆشە، پیاو دەتوانێت نەختێك خۆی بەم هەتاوە گەرم بکاتەوە. ئێرە ئێستا ناوچەکانی کیشوەری ئەمریکایە، لێرە هەموو شتێك دوورگەی جوان جوان بەدی دەکرێت، دارستانێکی تەواو چڕ وەك بێ ئەوەی بستە خاکێکی تێدا شك ببەیت، لە ناو ئەم رووبارانەدا روواوە.

ئێرە وڵاتی هیندییە پێست سوورەکانە، لێرە بەرلەوەی لە وڵاتەکانی ئەوروپاوە، مرۆڤ بەدوای گەڕان و داگیرکردندا بگەڕێت، لێرە شتەکان سادەو ساکار بوون، مرۆڤ و ئاژەڵ و جەنگەڵەکان هاوشێوەبوون لە سادەیی و جوانی. دەتتوانی لێرە ئەو رۆحەت بەرەڵلا بکەیت، رامانت بۆ ژیان بکەیتەوە.

کەسی حەوتەم بێئەوەی کەس ورتەی لێوە بێت وتی: وابزانم سەرەی منە. چووە پێشەوە پەرەمووچەکانی سەری هێنایە خوارەوەو بە پیاوە زمانزانەکەی وت: بیبەستە.

دەستی بە قسە کردن و وتی ( من هیندییەکی پێست سوورم، ئێمە جۆرمان هەیە، مەوتەنی رەسەنی ئێمە ئەو ئەمریکایە بوو، بەلاّم چی بکەین، ژیانێکی ساکار دەژیاین، ئێمە باوەڕمان وابوو گیانمان دەچێتە ناو

ئاژەڵێك، دۆنای دۆن دەکەین، لای هۆزەکەی من پڵنگ پیرۆز بوو، من رۆحی خۆم هەمیشە لە منداڵییەوە لەو پڵنگە دەدۆزییەوە، لە بۆنەو ڤیستڤاڵە تایبەتەکانی خۆمان، لە کاتی ئاساییشدا دەم و چاومان رەنگ دەکەین، من هەمیشە حەزم دەکرد رەنگی پڵنگ لەسەر دەم و چاوی خۆم رەنگ بکەم، هەمیشە ئەسپەکەی خۆمم خۆش دەویست، ناوم لێنابوو هاوسەرەکەی رێگام.

ئێمە ژیانێکی سادەو خۆشمان هەبوو، هیچ کاممان توڕەبوونمان لەگەڵ یەکتر نەبوو، یارمەتی یەکترمان زۆر دەدا. بەڵام هەستمان بە نیگەرانی کرد، کاتێك لە ئەوروپاوە روویان لە ئێمە کردو بە دڕندە ئێمەیان ناوبرد، ئێمە شەڕمان نەدەکرد، ئەگەر بێت و ئەوان لەگەڵ ئێمەدا هاوکوف بوونایە، حەزمان لەو خوێنڕشتنە نەبوو، بەڵام ئەوان هاتن بە چەکی تازەوە ئێمەیان بۆردومان کردو، ئەوەی هەبوو لە ئێمەیان دەکوشت، ئیدی ناچار دەستمان کرد بە پاراستنی وجودی هیندییە سوور پێستەکان، ئەوەبوو دێتەوە بیرم کاتێك ئەو کاولکارانە هاتن، هۆزەکەی ئێمەیان هەموو جینۆساید کرد. ئەوانە هیچیان نەپاراست، ئەوەی پیر بووایە دەیانکوشت، ژنە پیرەکانی ناو هۆزەکەی منیان کوشت، داپیرەم کە حیکایەتخوانێکی بەناز بوو، چەندان گوللەیان بەر ئەو سینگە نازدارە دا، کە من و خوشك و براکانم هەمیشە سەرمان پێدەکردو حیکایەتی باب و باپیرانی خۆمانی بۆ دەگێڕاینەوەو، هەمیشە داپیرەم باسی ئەو پڵنگە ئازایەی دەکرد، کە رۆحی منە، کە ئەو پڵنگە ئازاری کەس نادات، گەربێت و کەس ئازاری نەدات.

خوشکەکەم منداڵ بوو تازە چاوچاوانێی لەگەڵ برادەرەکانم دەکرد. پیاوێکی زل هات بۆ خۆی بردی ئەم پیاوە سەرو ریشی لە ئینگلیزێکی بە رەچەڵەك دەچوو. دوای ئەو وێرانکارییەی بەسەرمان هات. منیان برد لە رێزەکە دامیاننا، بینیم ئەو پیاوە زلە چی لەو خوشکە بچووکەم دەکات، چەند بە خراپی مەمك و رانی دەگرێت. دوایی ئەوەی لیکی زمانی بە جەستەی دادەهێناو خوێن لە ناو رانی خوشکەکەم بەربوو، پێی گوت: "قەحپە، ناتوانی سێکس بکەیت، رۆحت بۆ کوێ دەرچوو، من هێشتا تەواونەبووم". خوشکەکەم مرد.

دوایی ئەوە لە رێزی هۆزەکەم وەك بوونەوەرێکی بچووك سەیری شاخەکانم دەکرد لە دەوروبەرم ئەو پڵنگەم بینی، کە داپیرەم باسی دەکرد، لەو کاتە گوللە دەهات لە گیانم دەردەچوو، ئەوەبوو هەستم کرد رۆحم کەوتە ناو ئەو پڵنگەوە.

کە گوللە دەهات بەرم دەکەوت دەمبینی هەموومان چۆن بەردەبینەوە سەر یەکتر، من بە هەموویانم وت: تۆڵەتان دەکەمەوە کەسەکانم، ئەوەتا دەچمەوە ناو گیانی ئەو پڵنگە مەزنەوە).

لەو قسانە بوو، وایەرەکەی لەسەری کردەوەو وتی: (داوای لێبوردن دەکەم، زۆر بیتاقەت بووم، رووداوەکان مێشکم قبووڵیان ناکات).

کۆمپیوتەرەکە بە فیزەوە دەستی بە قسەکردن کردو وتی: (وەك ئێوە نیم بەستەزمانینە، گوێ لەو میوزیکە بگرن و، سەیری ئەو سروشتە جوانە بکەن. بزانن چەندە جوانە هێمنی ئەو ژیانە، بزانن ئەو ژیانە لە دەرەوەی بوونی ئێوە چەند دڵگیرە، سەیری مانگە شەو بکەن، بزانن چۆن شاگەشکەیە، خوێنڕشتنی ئێوە نابینێت، هەموو شتێکی ئێوە هەر ئەوە بووە، یەکتر هەڵلۆشن).

بە ئامێری سەنتور سەدای ئەو ئاسمانەی پڕ کرد لە نوورو هەموویان بە بێدەنگی هەر یەکەو بەرەو تابووتەکانی خۆیان بەرێکەوتنەوەو، سەنتوورەکە ئەوەندە بەخرۆش بوو، دەنگی پێیەکانی ئەوانیشی قووتدابوو. هەریەکەو لە هیلاکی بیرکردنەوەدا خپ لێی خەوتن.

ئەو ئاسمانە زۆر بە رۆشنی دەبینرا، جەنجاڵی شارەکان، گڵۆپەکان و بلاجکتۆرەکان وایان کردبوو، مرۆڤ هەمیشە سەیری ئەو ئاسمانە نەکات، چونکە ئەو ئاسمانە ئەو کات وا تەڵخ و ناشیرین ببوو، دوکەڵی کارگەو ماشێنەکان ئەستێرەکانیان وەڕس کردبوو، سەنتوورەکە تا دەهات دەنگی دوور دەکەوتەوە، ئاسمان تا دەهات گەشتر دەبینرا.

***

# ژیانی فەڕەنسایی

ئەم بەیانییە هەورگەلێك هات و رێژنەی باران هەر حەڤدە تابووتەکەی دادەکوتا، وادیار بوو سروشت لە مرۆڤ توڕەو نیگەران بوو. هەر یەکەو لە شوێن خۆی هەڵسایەوەو روویان کردەوە هەمان شوێنی کۆبوونەوەکانیان.

پیاوە ریش سپییەکە دەستی کرد بە مۆڕە مۆڕ وتی: (بە رۆژیش لەگەڵ یەکتردا کۆببینەوە؟ من دەڕۆم لە شەودا دەتانبینمەوە)

هەریەکەو بە لایەکدا رۆیشتن، بەرەو پیاسە کردن. کەس لەگەڵ ئەوەی تر رێگای نەگرتە بەر، بۆئەوەی دیمەن و سازگاری ئاوو سروشت لە تەنهاییدا ببینەوە.

ئەم شوێنەدڵگیرە مرۆڤ وا لێدەکات لە ناو تەنهاییەکەی خۆیدا، هەر لە خۆیەوە شاعیرانە بیربکاتەوەو، هەوەسی شاعیرانە بووی تێکەڵ بەو کاتانە بکات، ئەوان لە رۆمانسی بوونی ئەو شوێنە هەموو نەهامەتییەکانی ئەو چەند رۆژەیان بیرچۆوە. وەکو ئەوە وابوو، وا هەست بکەن کە ئێستا لە سەدەی حەڤدەهەم دەژین، وەکو بڵێی دەچن بە دوای ئەو کچە رۆح سووکانەوە بگەڕێن. یانیش ئەوەتا وەکو هونەرمەندێك بچن تابلۆیەك بکێشن، پاییێك بخەنە سەر لێوەکانیان. داوا لە کیژۆڵەیەکی ئەم خاکە ئیرۆتیکیە بکەن، رەسمێکی بە رووتی بکێشێت.

ئێرە وڵاتی ئەدەب و شیعرە، وڵاتی زمانی بولبولە، ئەوانە وەك ئەوەی بەنج بووبن، تەنهاییەکە بەرەو ئەوەیان دەبات، هەست و ناواخنیان لێکگرێداتەوە.

شەو داهات هەر یەکەو بەلاکەلاك لەو شوێنە کۆبوونەوە، کۆمپیوتەرەکەش لە ناوەڕاستی هەموویان بە دەنگێکی ناوازەوە وتی: (ئێوارەتان باش. بەستەزمانەکان چۆنن، ئێستا وابزانم نۆرەی کەسی هەشتەمە.

کەسی هەشتەم وایەرەکەی گرت و وتی: من هیچ کات لەگەڵ ئامێرو تەقەتەقی وەکو تۆ نیم، من ئەگەر بمزانیبا مرۆڤ ئەو بەزمەی وەك تۆ دروست دەکات، هەر دژیان دەبووم. وایەرەکە لەسەری خۆی بەست و دەستی بە قسە کردن کردو وتی: ( من ناوم "ئارتۆر رامبۆ"یە، تەمەنم پانزەساڵان بوو، یاخی بووم، من داهێنەری پیتە دەنگدارەکانم، من شیعر نووسی بۆئەوەی نا، کە ببم بە شاعیر، بەڵکو بۆ ئەوەی پیتەکان دەنگیان پێببەخشم، وەك شیعر بیانبینم، کاتێك شیعرەکانم نووسی، وازم لە نووسین هێنا، لە فەڕەنساوە رووم کردە وڵاتی عەدەن، لەوێ وەك بازرگانێکی چەك، چەکم دەکڕی، چەکم دەفرۆشت، بۆئەوەی ئەو گەمژانە باشتر یەکتر بکوژن، من رەوە کچێکی ئەسمەر لەگەڵم دەژیان، من لەگەڵ دایکم و خوشکم و مامۆستاکەم نامەم دەگۆڕیەوە، هەمیشە بیرم بەوە

تەنراوە، بیرم لەو ئازادییە دەکردەوە کە لە مێشکمدا ڕەهابوو، من ژنەکەی ڤێرلێنم خۆش دەویست، چەندان جار لەگەڵی خەوتووم، دەتگوت پەڕەمووچی شیعرە لەسەر هەنییەم دەخشێ، من لەگەڵ ڤێرلین هیچ نەما نەکەم، ئەو کەرە دەیویست دیلبەستم بکا، کاتێك بەو سەرگەردانییەوە رامکرد، لە نزیك وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە گوللەیەکی لێدام، زامداری کردم، بەڵام من لێیخۆشبووم، چونکە ژنەکەیم خۆش دەویست، سەگەکەی ماڵەکەیانم خۆش دەویست، شیعرە جوانەکانی ڤێرلینم خۆش دەویست.

من کاتێك تووشی نەخۆشی بووم، ئەو ژیانە بێتامە هەموو پرۆژەکانی لێتێکدام، بۆیە لە خەستەخانەی شارڵفل کەوتم، پەنجەرەکەی ئەو خەستەخانەیە بووە هاوڕێم، تا سەرم نایەوە، لەو یاخی بوونەی خۆم دەستبەردار نەبووم، من بەو سەردەمەی خۆمم وت، سەردەمی بکوژەکانە، بۆیە منیش رووم لە بازرگانی چەك فرۆشتن تا باشتر یەکتر بکوژن ئەو گەمژانە، ئەوەبوو هەر زوو نەخۆشییەکەم وەك هێرشبەرێك هات، ئاخر نیگای پەنجەرەکەی پێشکەش کردم، لەو کاتەدا مەرگ لووشی کردم).

سەیری ئەوانی تری کردو نیگاکەی وەستاند لەسەر چاوەکانی پیاوە ریش سپییەکە پێی وت: "دەزانی لە پەنجەرەکەوە تۆم دەبینی".

پیاوە ریش سپییەکەش فرمێسکەکانی بەسەر ریش و سمێڵی دەهاتە خوارو سەری بۆ بادا.

***

## ئەستەنبۆل

ئێستا رووەو ئەستەنبۆڵ هەناسە هەڵدەکێشن، لە ناوەڕاستی ئەستەنبۆڵ دەروازەی ئەودیوی ئەوروپا و ئەمدیوەی رۆژهەڵات، چاوەکانیان دەکەنەوە، ئێرە وڵاتێکی سەیرە ناوەڕۆکی ئەم وڵاتە لەگەڵ رووخساریدا هاوشێوەو جووت نییە، کاتی خۆی لێرە هەرچی بوویتایە ئەستەنبۆلی، یان با بڵێین تورك نەبوویتایە، ئەوە لیرەیەکی قەڵپی تورکیت نەدەکرد.

ئەستەنبۆڵ وەك شوێن جوانە، ئەستەنبۆڵ بەشێك بوو لە وڵاتی گریکەکان، بەڵام عوسمانلییەکان هاتن، بە لوولەی تۆپ و بە ناوی نوێنەرایەتی خواوە، ئەو خاکە ئۆلۆمپیەکەیان تەفرو تونا کرد، کردیان بە خاکێکی رەگەزپەرست.

ئەم شارە رێگە قووتاربوونی کورد بوو، کورد لە ئێرانەوە، لە تورکیاوە، لە عێراقەوە، رایاندەکرد، بەرەو کەمپەکانی ئەوروپا، لەپێناو قڕ نەبن و، لەناو نەچن.

پیاوە ریش سپییەکە هەستی دەکرد کەژێکی جوان هەبووە لێرە، جوانی گریکەکان دەفتەر و قوتابخانەکان بوو، هزر بوو. دەبێ ئەو کەژەی کە لە ئەستەنبۆڵ بوویێت چەندە خۆش و دڵگیر بوویێت.

بەڵام ئەو نوێنەرە درۆزن و ساختەچییانەی خەلافەتەکانی عوسمانلی شێواندبوویان. هەرچۆنێك ئێرە ئەستەنبۆڵە دەروازەی لێکندراوی دوو کیشوەرە.

کەسی نۆیەم دەستی کرد بە گیرەگیرو وتی: "پیاوە زمانزانەکە بە نەرمی ئەو وایەرە ببەستە. با منیش خۆم بناسمەوە".

یەکسەر وەك پیاوێکی رۆح گەورەو پۆشتە دەستی بە قسە کرد: (من ناوم "کەمال مستەفا"یە، رەچەڵەك و بنەچەم لە بنەڕەتدا نازانم. بەڵام نازناوی کۆتاییم "ئەتاتۆرك"ە، من لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا بوو، تورك لە دونیادا وەك نەخۆش و پەککەوتە نازناوی دەرکرد، خەریك بوو تۆرانییەت قڕیان تێکەوێت. دەوڵەتی عوسمانلی کۆخە کۆخی مردنی دەهات، منیش دەرفەتێکی باشم کەوتە پێش پشتی سەری خەلافەتەکەم لەسەر ئەرزدا، ئەوە بوو، پێگەکانی خۆم لەگەڵ کوردەکان، لەگەڵ شێخ سەعید پیراندا بەهێز کرد، کوردەکان لە ناو شۆڕشە ئەتاتۆرکییەکەمدا بەکارهێنا، ئەوەبوو توانیم جڵەوی حوکمڕانی بگرمە دەست.

لە پەیمانە جیهانییەکان توانیم کورد بخەمە ژێر شەبقەکەمەوە، هەرچی لە توانادام هەبوو کردم، هەڵسام بە گۆڕانی زمانی نووسینی تورکی گۆڕیم کردم بە لاتینی، خۆم لە کاریگەری عەرەب و فارسەوە دوورخستەوە، شەبقەکەم دەبوو هەموو ئەوەی لە تورکیا دەژێیت لەسەری بکا، رۆحی ئەتاتۆرکانەم لە ناو زەینی هەموو تورکەکان دروست کرد، بووم بە بابە گەورەی تورك، دوای دەوڵەتی عوسمانلی، کوردەکانم وا لێکرد، پاکتاوم کردن، دوایی ژنەکانی کوردم خستە ناو کونجە تاریکەکانی دیوارەوە، قوبرسم کرد بە دوو لەتەوە، پەیکەری من لە هەموو سوچێکی ئەنقەرە بەربلاو کردەوە، ئەوەی توانیم وەك شۆڕشگێڕێکی درۆزن لە مێشکی تورکم ئاخنی، نەخۆشییەکی کوشندەم بۆ ئەو ناوچەیە دروست کرد، کوردم وا لێکردوە لە دەستوورەکەمدا کە قەت نەتوانن ئەگەر ئاخر زەمانیش بێت، ماف و چارەنووسی خۆیان وەربگرن.

کۆمەڵگای تورکم کرد بە کۆمەڵگایەك کە قەحپەیی بکەن، هەموو شتێك بکەن، لە تورکیادا ئاساییە سۆزانی زۆر بێت، بەڵام ئاسایی نییە یەکێك لە بیری ئەتاتۆرکانە لا بدات، عەیبێکی گەورەیە گەر تۆ بەرهەڵستکار بیت، عەیبە ئەگەر بەهایەکی جوانی مرۆڤ بوونت تێدا هەبێت، بەڵام عەیب نییە، کچ وەك ئامێرێکی پارە پەیداکردن بەکاریبێنی، پەروەردەی بکەیت. تورکەکانم فێر کرد کە تا ئەوپەڕی تورك بن، گەوادی بکەن بۆ هەموو نەتەوەیەك بەس تەنها نەهێڵن ئەو کوردە بە زمانی خۆی قسە بکات. چونکە ئەتاتۆرك کاتێك گوێی لە زمانی کوردی بێت، دڵی نارەحەت دەبێت، هەست بە خەتەری ژیانی تورك دەکات).

بە رۆحێکی گەورەو تورکیستەوە بە پیاوە ریش سپییەکەی وت: "زۆر دڵگرانم ئێستا بە بینینی ئەو دوو کوردە، ئەگەر بمزانیبا ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوانە کۆ دەبمەوە، پەیمانێکم لەگەڵ هەر لایەنێك بووا، دروست دەکرد، ئەوانەم لە ناو دەبردا!".

پیاوە ریش سپییەکە بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە لێی پرسی:" ئێستا ژێر شەبقەکەت ناسینی خۆتی تێدایە؟". هەر کە باسی شەپقەکەی دەکرد لەبەردەم خۆیدا پێدەکەنی.

ئەو کاتەی کەوتە ناو خەوە لە خەویشدا، بە دەنگێکی بەرز هەر پێدەکەنی. نەیدەتوانی ناوەڕۆکی تورك بوونی ئەو شەپقەیە، لە رووخساری ئەو شەپقەیەدا ببینێتەوە.

تا وای لێهات ئەم شەپقەیە لەو خەوەدا وەك تورکێك ببێت دەست لە گەردەنی ناوەو دەیەوێت پێی بڵێت کە تۆ نیوەکەی تری قوبرسی دەبێت وەکو نیوەکەی تر بتخنکێنم و بتکەم بە تورك!

# بەشی چوارەم

# لە ناوزەنگ و پشتئاشانەوە، یادەوەرییەکانی ئەویٚ

ئەمڕۆ بارەگامان لە ناوچەکانی دۆڵی بالیسانە، ئەم دۆڵە دوورو درێژە کە ئەمبەرو ئەوبەری شاخەکان داپۆشیوە. لێرە لەم دۆڵە پێدەشتێکی جوان بەدی دەکرێت، بن دار هەنارەکان و ئەو دارانەی نزیکەی 300 کەسی تێدا شەهید بوو لە کاتی کیمیا بارانەکەدا.

ئەم دۆڵە لە کۆتایی دۆڵی ئالانەوە دەست پێدەکات لە ناوچەی سەروچاوە کۆتایی دێت. دۆڵێکە دڵگیرە، پێچەوانەی دۆڵە تاریکەکانە. جاران ئێرە مەیدانی شەڕگەکان بوو، لێرە پێشمەرگە پەیوەندی دەکردو هەر لێرەش قوربانی و جەللاد ناوی لە دەفتەرەکان دەنووسرایەوە.

پیاوە ریش سپییەکە وتی: ئێرە شوێنێکە ڕێگە بە خۆرەتاویش دەدا، با بڕۆین بە پیاسە لە ناو ئەم دۆڵەوە شۆڕبینەوە.

لەسەر کلکی دەست پێکردنی دۆڵەکە لەدیوی کۆتایی دۆڵی ئالانەوە چیای کۆڕەك دەبینرا، ئەگەر بچووبایتە سەر چیای شیرێش ئەوە نەوەك هەر کۆڕەك بەڵکو ئەم هەموو شاخ و ناو دۆڵەت دەبینیی.

ئێوارە گەلەکۆمەی بەزمەکان دەستی پێکردەوەو، کالیگۆلا وتی: "من حەزم لە هەنار بوو، دەزانن؟!".

کەسی دەیەم هاتە پێشەوەو جامانەکەی داکەندو، پیاوە زمانزانەکە وایەرەکەی بە پشتی سەرییەوە لکاند.

کەسی دەیەم یادەکانی خۆی گێڕایەوەو وتی: (من ناوم "کارۆخ"ە ئەوە نازناوی کۆتاییم بوو لە پێشمەرگەیاتی، نزیکەی سی ساڵ پێشمەرگایەتیم کرد، هەر لە هەرەتی لاوییەوە، وەك شۆڕشگێڕێك لەو شاخانە بووم، من بە دەیەها شەڕی خوێناویم کرد، ئەوە بوو وتیان تۆ وەك "کارۆخ" وایت. ناوی ئەو شاخە بەبەر تۆوە لێوەشاوەیە.

من هەمیشە ئازا بووم، سەنگەرم بە دوژمن چۆڵدەکرد، تەنها بەعسییەکان دوژمنی من نەبوون، بەڵکو من لە شەڕی شاخیشدا، لە پشتئاشانی یەکەم و دووەمیشدا، باڵا دەست بووم. کاتێك کە بووم بە پێشمەرگە ساڵانی شەستەکان بوو، هیچم نەبوو، لات بووم. چەند برادەرێك لە چایخانەی "مەچکۆ" کە لەگەڵیان دادەنیشتم باسی ئەو بەرەنگاربوونەوەیان دەکرد، منیش گوێگربووم. تا وام لێهات منیش رووم کردە ئەو شاخانەوە ناوی پێشمەرگایەتیم بە کۆڵ خۆمەوە نا.

من پێشمەرگەکانم ژنەکانیان جوان بوون، هەر ژنێك کە دڵی منی بپێکابووایە، پیاوەکەیم دەکرد بە قارەمانێکی گەورە، مێشکیم گۆش دەکرد، بە کوردایەتی و نەبەردی، دەمکرد بەو شێرە کە گەڕانەوەی نییە، سەنگەری دوژمنەکانم پێچۆڵ دەکرد، تا گوللەیەك بەسەر دڵی دەکەوت و، لەو شاخەدا هەڵدەدێرا!

ئەدیبە ژنێکی جوان و مەمك خونچەو سێوە لاسوورەیەك بوو، منداڵی نەبوو، هەموو شەوێك کە تفەنگەکەم لەسەر ملدا خوار دەبۆوەو لە ئەدیبەدا دەتوامەوەو، خەوم لێدەکەوت، بیرم هەر لای ئەدیبە بوو، تا وام لە پیاوەکەی کرد لە شەڕێکی شاخدا، بە ئەتککردندا، بەکوشتمدا، لە دوای ئەوە شەوان وەك بەرزەکی بانان لە ناو رانی نەرم و گەرمی ئەدیبەدا دەخەوتم.

ئەدیبەش ئەوەندە تامەزرۆ بوو، کاتێك کە سینگی بە سینگمەوە دەنا، دەیگوت، کارۆگیان، سەیری پیاوەکەم بکە چەند ئازاو نەبەرد بوو، دەزانی بۆ لەگەڵت دەخەوم دڵەکەم؟ منیش دەمگوت بۆ؟ ئەدیبە دەستی بە

پشتم دادەهێناو، دەیگوت: "کە دەمبینی پیاوەکەم بە ناو دۆڵ و ئەو شاخانە لەگەڵت دەڕواو بەسەربەرزییەوە دوا نیگای تێدەگرتم. کە لەگەڵت دەخەوم یادگارییەکانی ئەوم دێتەوە یاد".

تا ئەدیبە لەو گوندانە بوو، هێشتا نە چووبوو بۆ ئێران، کردم بە قەحپەیەکی گەڕیدە، هەموو برادەرەکانم پێفێرکردبوو، ئەویش لە تاوی ئەوەی کە من چەندان جار ئەو ناو رانەو مەمکانەم وەك هەرمێ و هەنارو سێوە لاسوورە دەشوبهاند. شێتیم دەکرد. ئینجا ئەو لینجاوەم بەسەردا دەڕژاند.

تا ئەدیبە لە شاخ بوو، فێرم کرد، کام ژنە بێوەژنە بیکات بە برادەرم، رۆژێکیان بێوەژنێکی هێنا شەو بە جووتە لە رۆخی ئەو دار هەنجیرە هەردووکیانم رووت کردەوە، هاوێنێکی خۆش بوو.

ئەدیبە لە کاتی پرۆسەی ئەنفالەکان بە ناچاری منی جێهێشت لەگەڵ کەسوکاری خۆی بەرەو ئێران بەڕێکەوتن لە شاری "شنۆ" نیشتەجێبوون.

من لەو شاخانە وەکو بزنێکی تەنها مامەوەو ئەدیبەم نەما، ئیدی ئەوە بوو، کورد لەلایەن سەددامەوە ئەنفال کرا، ئەو هەموو گوندە خاپوور کرا، منیش لوولەی تفەنگەکەم هێنایە خوارو بەرەو ئێران چووم و ، لە شاری زێویێ نیشتەجێ بووم.

ئەوە بوو کاتێك خەڵك بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە دژی سەددام راپەڕین، منیش گەڕامەوە کوردستان، کە خەڵك سەیریان دەکردم، وێنەی قارەمانێتی و نەبەردی و وێنەی پێشمەرگەیەکی جوان لە دیدو خەونی ئەو خەڵکە بووم.

ئەوە بوو شەڕی ناوەخۆ دەستی پێکرد، منیش سەیرم کرد ژنی ئەو هەموو پێشمەرگەیە، کە جوانن، ژنی شارن، مۆدەو لووس و تەڕن، بڕیارمدا ئەدیبە لە مێشکی خۆم دەرکەم، دەمزانی ئەدیبە ئێستا وا ژیان لە ولاتێکی وەك کەنەدا بەسەر دەبات.

شەڕ دەستێکی پێکرد، لافاوی خوێن جوگەڵەو کۆڵانەکانی شاری گرتەوە، ئەو بێوەژنە ناسك و تەڕانە دەهاتن بۆئەوەی شەهیدانەی مێردەکانیان لەلای من وەرگرن، منیش لە خۆشیان ئیمزاکانم بۆ وەرگرتنی شەهیدانەکانیان مەرجدار بوو. هەر بێوەژنەو لینجاو لە ناو رانی دەڕژێنم، هەر بێوەژنەو ئەو مەمکانە لەسەرو سیمام دەخشێنیێ.

تا وای لێهات حزبەکەم ئاگاداری کردمەوەو، دووریان خستمەوە لەو شوێنە بەهەشتییە، بەڵام من گۆبەندی خۆم ساز کردبوو. چونکە بەشی سەرکردایەتی حزبەکەشم دابینکردبوو، بۆیە دووریانخستمەوە تا لەبەر دیدو چاوان دیار نەبم.

ئەوە بوو، بڕیارمدا ژن بێنم، ژیانێکی تازە لە شار دروست بکەم، ژنم هێناو لە ماوەی ساڵێك و نیوێکدا هیچ منداڵێکمان نەبوو، خۆم لە کوشتن و بیرم لە بێوەژنبوونی ژنەکەم دەکردەوە، کە من چۆن ئەو بێوەژنانەم دەگا. بەهەمان شێوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن، منیش بە شەڕێك دابدەن و ژنەکەم جوان و بەرچاوە، یەکسەر دەکەوێتە ناو گاڕانی گانی ئەوانە.

شەوێك لە چوونەوەم بۆ ماڵ لەبەردەرگای ماڵەکەم دەستڕێژێکیان لێکردم و هەناسەیان سارد کردمەوە. لە دوای خۆم ئەو شۆخو شەنگەم بەجێهێشت. دەبێت چ بەرپرسێك ئێستا مەمکی ژنەکەم بمژێت و، دەبێت شەوانە چۆن ئەو لینجاوە ناو رانی تەڕبکات.

ئەو کاتانەی لە شاخدا بووم بیرم دەکردەوە، ئایا بەڕاستی من لە بەرەنگاربوونەوە دەژیم، یانیش ئەوەتا من لە پێناو مانەوە دەژیم. ئەگەر بەرەنگاربوونەوە بێت. چۆن من ئەو شەڕانەی ناو شاخم کرد، چۆن چۆنی

پیاوەکەی ئەدیبەم بە کوشتداو، چۆن چۆنی هەموو شەوێك تا مەمکەکانی شل دەبوون وەك سێوە لاسوورە لەسەر بەژن و بالآی وەك دارێك گەلآیەکانی لار ببنەوە، مەمکەکانی دەهاتە سەر ناوکی. من چەندان شۆڕشگێڕم بە کوشتدا، چەندان کەسی زاناو چەندان ژنم لە پەناو پەسێوی ئەو بنە دارانە دەگا. خۆ ئەوەشم بیردەکەوێتەوە، شەوێکی زستان و بەفراوی بوو، چووین لە لادێیەك لە مالێك خۆمان لێخست و نمەکی ئەو مالەمان کردو، لە نیوە شەویشدا لە تەنیشت پیاوەکەی خەوتبوو، منیش تێیبەربووم وەکو بزنێکی کێوی کە هیچم نەدیبیٚ، ئەو لینجاوەم بە ناو رانیدا هێنا خوارەوەو، ئەمیش لە ترسی پیاوەکەی خەبەری نەبێتەوە، یارمەتی دام زوو بیڕژێنم و نەجاتی بیٚ بەم شەوە.

کاتێك دەچوومە هەر گوندێك من پەیوەندیم لەگەلٚ خەلکانێك هەبوو، لەگەلٚ گەیشتنم دەمکرد بە تەق و تۆق بۆ ئەوەی بەیانی هەرچی زووە ئەو گوندە خاپوور و وێران بکەن، زۆر رقم لەوە دەبۆوە کاتێك دەیانگوت فلآن پێشمەرگە رقی لە شەڕی ناوەخۆو براکوژییە، زۆر رقم لەوە دەبۆوە کاتێك گوێبسیتی ئەوە بوومایە کە فلآن پێشمەرگە بەڕاستی کوردەو داوێن پاکەو بیر لە سەلامەتی هاوڕێیەکانی دەکاتەوە. یان هەندێکیان دەیانووت ئەوەی ئێمە دەیکەین لەو شاخانە لە ئاییندەدا بە زیانی مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە، هەر شێت دەبووم کە دەیانگوت، ئەوە بەرەنگاربوونەوە نییە، بەلکو تەنها ئەوەیە ئێمە وەك بزنێك خۆمان لە پەناو پەسێوی ئەو شاخانەوە هێشتۆتەوە .. مانەوەیەکی فەنتازییە).

باران دیسان دایکردو مەودای کەسی نەدا، هەر یەکەو بە راکە راك خۆی گردکردەوە بۆ تابووتەکانی خۆیان، کۆمپیوتەرەکەش بە پێکەنینەوە تریقەی دەهات بۆ ئاسمان هاواری دەکرد: گەمژە دەباریٚ نەوەك باران، ئەوە سیمبولی گەمژەبوونتانە، بەستەزمانینە.

***

# پیاوە زمانزانەکە و لارا

شەوی دواتریش هات. پیاوە ریش سپییەکە هەتا ئێستا هەر گوێگرە، نایەوێت هیچ رایەك بدات، تەنها ئەوە نەبێت، جار جار سەربادەداو جارجاریش پەرێشانەو هەندێك جاریش خەندەکانی گالتەئامێزە.

پیاوە زمانزانەکە هەلدەستێتەوە سەر پیٚ و بەرەو وایەرەکە دەچێت پێیان دەلێت: ئێستا نۆرەی منە. وایەرەکە لە پشتی سەری خۆی دەبەستێت و دەست دەکات بە گێڕانەوە: (من ناوم "ئەلیکسەندەرۆڤ"ە خەلکی ولآتی جۆرجیام، من لە دەزگای سیخوڕی یەکیەتی سۆڤیەت کارم کردووە، کە پێیان دەوت کەی جی بی. کاری من هەر ئەوە نەبوو، تەنها زانیاری بۆ رووسیا کۆبکەمەوە، بەلکو کارەکانم هەمە لایەنەو فراوان بوو، من دەستێکی بالآم هەبوو، لە کوشتن و شونبزرکردنی خەلکی شۆڕشگێڕی رووسیا، ئەوانەی بیانوتبا نا، ئەوە لەئان و ساتێکدا ئەتکم دەکردن بە رەحمەتی مەرگم دەسپاردن. من لەگەلٚ دەزگاکانی سیخوڕی ئەمریکی و بەریتانی و کام دەولەت پارەی باشی لە گیرفانەکانم بنابووایە ئەوە من خزمەتکار بووم تا کارەکەم تەواو دەکرد.

من کاتێك ساڵانی هەشتاکان بوو، شەڕی ئەستێرە لە نێوان ئەمریکاو یەکیەتی سۆڤیەت هەبوو، چەندەها کچی بەنازی جۆرجیا لەژێر کۆنترۆڵی خۆم بوون. هەموو کارێکم پێدەکردن. تەنانەت ئەگەر هەندێك جار بۆ مەرامەکانی خۆشم بووایە فیلمی سێکسیم پێدەردەکردن. بۆئەوەی لەژێر پێڵووەکانی چاودێری من ون نەبن.

من هەموو شوێنێکی دونیام بینیوە، زوومی قەناسەکەم چەندەها قوڕبەسەر و خیانەتکارو دڕندەو میهرەبانی کوشتووە. لە ئەڵمانیا خەڵکم پاکتاو کردووە، دەستم هەبووە لەگەڵ مافیاکانی سقلیەی ئیتاڵیا، کارم بۆ ئەوانیش کردووە، من کۆمۆنیست بووم لە ساڵی 1984 دەستم هەبووە لە دزینی بانکی ستۆکهۆڵم، "لارا"م بەکارهێنا لەگەڵ خۆم، دەستکەوتێکی ماددی چاکم چنگکەوت.

لەگەڵ ئەمریکیەکاندا کڵاومان لەسەر ئەو عەرەبانە دەنا، کاتێك دەهاتن بۆ ئەوروپا، یان ئەمریکا، من کردەوەکانم خۆی پاسەپۆرتی جیهانی بوون، بۆ هەر شوێنێك دەچووم ئەم وڵاتە پێویستی بە خزمەتێکی من دەبوو. ئەگەر بشمویستبا بچم بۆ جیهانی عەرەبی پیاوێکی لەسەرخۆو چەلەنگ بووم، بە ئەمیر و مەلیکەکانیانەوە دەهاتنە پێشوازیم، چونکە ڕەسمی قەحپەیی جوانی فەڕەنسی و جۆرجی و کرواتی و چیکی وا لە ناو جانتاکەم هەبوو، لەژێر دشداشەکانیان هەستم دەکرد ڕەقییەك هەڵدەستێ.

من خۆم چاوشینێکی پرچ زەرد بووم، موو بە گیانمەوە نەبوو، ئەگەر ئەو ئەمیرانەی قەتەر داوایان لە خۆم کردبا شەو لەلایان بمێنمەوە، ئەوا لە خزمەتیان دەبووم. سوودێکی زۆرم لەو شەڕە ساردەی ئەمریکاو رووسیا وەرگرت. سوودێکی زۆرم لە "لارا" بینی. جارێکیان لەلای ئەمیرێکی سعودی بووین، بۆ ئەوەی هەندێك کاری سیخوڕی ئەنجام بدەین، ئەم ئەمیرە بە منی وت: ئەگەر بێت و ئەمشەو لارای بدەمێ ئەوا نزیکەی یەك ملیۆن دۆلار دەدات بە من و لاراش چی بوێت بۆی دەکات.

لارا کاتێك پێم وت: وتی بۆ نا، ئێمە فیلمێکی سێکس بەیەکەوە دەردەکەین پێشکەشی ئەو کەرانەی خەلیج دەکەین، ئێستا خۆی ئەو پارە مەزەندە نەکراوە بدات، سەرکەوتنێکی گەورەیە!

کاتێك ساڵانی نەوەدەکان هات، بازاڕمان کز بوو، ئەمریکا کاری بە ئێمە نەما، رووسیا هەڵگێڕو وەرگێڕبوو، من و لارا بە چەندان ناوی قاچاغەوە خۆمان دەشاردەوە لە ترسی چەتەکانی سیخوڕی ئەمریکی، تا وایلێهات لە ژوورەکەی لارا لە یۆنان بە دەمانچەیەکی بێدەنگ خوێنیان حەڵاڵ کردبوو. ئیدی نۆرەی من هات. من چووم بۆ لوبنان، دوای چووم بۆ سودان، ماوەیەك لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکان کارم کرد، ناوم لە خۆم نا "خالد"، هەرچیم کرد بە شوێنمەوە بوون، دوا جار بە گوللەیەك لە ناو سەیارەکەم لە ئەفغانستان خاو کرامەوە.

ئەوەی هەبوو، من دەمکرد، من لە ناڵم دەداو لە بزماریشم دەدا، کاتێك چاچانییەکان شەڕیان دەکرد لەگەڵ رووسەکان، من هەواڵگریم دەدا بۆ هەردوولا بەس بۆئەوەی گیانم سەلامەت بێت بە دەردی لارای هاوڕێمەوە نەچم. ئەو زمانزانینەی من لەلایەك یارمەتی دەدام، لەلایەکەی تری بەدەردی بردم.

کاتێك لە ئەفغاستان بووم، بووم بە سایەقی "مەلا عومەر" ئەم پیاوە دەیزانی من زمانێکی باش دەزانم، بۆ خۆی بەکاری دەهێنام، هەر بۆ ئەوە بەکاری نەدەهێنام بەڵکو کاری تریشی پێدەکردم، ئەوان وایاندەزانی من خەڵکی چاچانم، کاتێك من بەڵێنم دا بە ئەمریکیەکان کە جموجۆڵی ئەوانە بەوان رابگەیەنم، لێم بە فێڵ کەوتن، رۆژێك دیدارێکی کورتم لەگەڵ ئەفغانییەکی سەر بە ئەمریکا هەبوو، دەبوو لەو کاتە ئەو بێت، بەڵام دوو ریش درێژ هاتن، لەناو سەیارەکەم خەڵتانی خوێنیان کردم).

پیاوە ریش سپییەکە بە ئەسپاییەوە پێی وت: "وامزانی تۆ پسپۆڕبووی لە بواری زماندا!".

# جەنگەڵە چڕەکانی کارەسات

ئێستا لە دوای هەر خەوێکا کە هەڵدەستن تووشی سەرسامییەك دەبن. ئەمجارە کە تابووتەکان کرانەوە، کە لە خەوێکی ئاساییدا بوون، دارو ڕەگی دارەکان بەسەر تابووت و زەوییدا لەیەکرۆچووبوو. بە حاڵ توانرا ئەو تابووتانە ئاوەڵا بکەن، لەناویدا بێنە دەرەوە.

جەنگەڵستانێکی چڕ، هەر دارەو ئامێزی لەویتر کردووە. دونیا لێرە گەرمە، بە چڕی ئەو جەنگەڵانەوە پێدەچێت ئێرە ئەفریقا بێت.

ئەم کیشوەرە مرۆڤەکانی سادەن و چیرۆك و گێڕانەوەو هەتا خواوەندەکانیشیان سادەن، بەرهەمی ئەفسانەکانیان سادەیە، لە یەکێك لە ئەفسانەکان ئەوەیە: کە ژیان لە ئەنجامی هاوسەرێتی مانگ و زەویدا دروست بووە. ئەویش دوای ئەوەی مانگ ئەشقی زەوی دەبێت، داوا لە خوا دەکات کە بتوانێت هاوسەرێتی لەگەڵ زەویدا بکات، بەڵام خوا مەرجی لەسەر داناو کە تەنها یەك ساڵ مەودای دەدا ببن بە هاوسەری یەك، چی بوونەوەر هەیە لە مانگەوە شۆڕ دەبێتەوە سەر زەوی دوای ئەوەی کە بوونەوەرەکان لە مانگدا لە دایك دەبوو، بەڵام لە دواییدا کە ساڵ تەواو دەبێت مانگ سەرپێچی فەرمانی خوا دەکات. خواش لە تۆڵەی ئەمەوە سزای دەدات، هەتایە هەتایە وێنەی مانگ دەخاتە ناو دەریاوە.

ئەم کیشوەرە وەك بوونەوەرەکانی تر مرۆڤەکانی بێزمانن، زمانیان هەر ئەوەیە بە شێوەی ئاماژە لەگەڵ یەکتر دەدوێن. سادەو ساکار بوون ئەو خەڵکە ئەگەر تەیارەیەك یان ماشێنێك یان هەر ئامێرێك نزیك ئەو ناوچانە کەوتبووایە ئەوە یەکسەر پێوەی سەرسام دەبوون، وەك دیاردەیەکی تازە بە ئاسانی ئاشنای نەدەبوون.

کەسی دوازدەهەم هات لێی دانیشت و وایەرەکە لکێنراو دەستی بە قسە کردن و وتی: (من ناوم "نیلسۆن ماندێلا"یە، بیست و هەشت ساڵم لە زیندانەکانی سپی پێستەکان بردە سەر بۆ ئەوەی بتوانم ماف ڕەش پێستبوونی هاوولاتی ئەفریقیا بەدەست بێنم. بیست و هەشت ساڵ بەرگریم کرد لە ناو ئەو زیندانە. لە کۆتاییدا کە ئازادی نیلسۆن ماندێلام وەرگرت، رووم لە کۆمەڵگای ڕەشپێستی خۆم کردو، لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنمان بەدەستهێنا، من لە کاتی گیرانم لە زینداندا، بینیم چۆن خەڵك لە رواندا یەکتر دەکوژێ ئەوەم قەت بیر ناچێتەوە، کاتێك ئەوەم خوێندەوە، یەکێك لە چەکدارەکان دوای کوشتنی دژەکەی بە تەورێك جەرگ و هەناوی دەرهێنا لەسەر شان و ملی خۆی دانابوو، وەك شانازی شەڕ، ئەمە لام سەرسامی دروست کرد، دوای بۆم دەرکەوت ژنەکەم هەمان بەدبیرە، کردەوەی زۆر خراپی کردووە، ئێمەی ئەفریقیایەکی بەستەزمان، کاتێك ئەوروپاییەکان درکیان بەوە کرد سامانێکی غەریبمان هەیە لە هەموو ڕوویێکەوە، ئیدی تێمانبەربوون، میللەتەکەی ئێمە هیچ زمانێك نازانن، کاتی خۆی هۆی لێکتر گەیشتمان لە ڕێگای ئاماژە پێکردنەوە بوو. بەڵام دوای ئەو داگیرکردنانەی دانیمارك و ئیسپانیاو فەڕەنساو بەریتانیاو ئەمریکاو پورتوگالیا ئەو ناسنامەیە ڕەسەنەی ئێمە لە ناو چوو.

ئەو زیندانە ریسوا کردن و ئەتکردنێکی وا بەدەر بوو، چونکە هەمووی لەبەرئەوەبوو ئەو هەتاوە نەگبەتە بە شاقووڵی لە ناوچەیە دەدا، بۆیە ڕەش بوونی ئێمە ئەوە بوو، ئەنزیمێك لە ژێر پێستمان دەڕژا، کە بەردەوامی بە ژیانی ئێمەی دەدا، ئەگینا هیچ هۆیەك نەبوو جیامان بکاتەوە لەو سپی پێستانە، بۆیە بە مامەڵەیەکی ناخۆش و نامرۆڤانە ئێمەی کردە کۆیلەو دیلی مەرامەکانی خۆیان.

هەموو خەونەکەم ئەوە بوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان مرۆڤێکی ڕەش توانج لە سپی نەدا، سپییەك لە ڕەش، هەمیشە خەباتی بیست و هەشت ساڵەم لەو پێناوە بوو، بەڵام بێوادە بوو!).

پیاوە ریش سپییەکە دەستەکانی نیلسۆن ماندێلای گوشی و هاوخەمی خۆی بۆ دەربڕی.

***

## قەندەهار و رووگەی ئەوانی دی

لە کێڵگەیەکی حەشیش و تریاك و کۆکایین تابووتەکان ئاوەڵا بوون. ئەم خاکە هەر کێڵگە بەدوای کێڵگەوە بوو، گەورەترین بەرهەمهێنانی ئەو شتانە بوون. تەنها وایلێهات ئەفغانستان ببێتە یەکەم وڵاتی بەرهەمهێنانی تیرۆر، عەرەبەکان زۆر ساختەچی بوون، توانیان ئەو دیاردانەی کە لەلای ئەواندا کەڵەکەبووە، شەڕەکانی وڵاتەکانی خۆیان بگوازنەوە ئەوێ، ئەمریکاو رووسیش و وڵاتانی تریش ئەوەی نەیارەکانی لەم چەشنە بووایە، ئەوا بەهەمان شێوە شەڕەکان لەوێ ساغ دەبوونەوە.

لە جاراندا تەنها پەیکەری جوانی بوودایی لێبوو، ئەمانە سڵیان لەوەش نەکردەوە، پێش ئەوەی زەوی تووشی ئەو قەیرانە بێت کە مرۆڤ بنەبڕ بێت. ئەم کەلەپووچانە هەڵسان بە تەقاندنەوەی ئەو پەیکەر و نەخشانەی کە لەسەر شاخ و ناو دۆڵەکانی هەبوون.

ئەم وڵاتە نە بەروبوومی خۆراکی هەبوو بۆ ژیان، نە بەروبوومی فیکری هەبوو بۆ مرۆڤ، تا بە چەشنێك مرۆڤ لە نەغمەیان گوێ بگرێت.

کەسی سیازدەم هاتە پێشەوەو دەروونی چەکەرەی دەکرد لە ترسان، وەزعەکە زۆر ئاڵۆز بووە، خەڵکی وای تێدایە، مرۆڤ ناوێرێت، نازانێت کێ دەردەچێت!.

دەستی بە قسەکانی کردو وتی: (من ناوم "ابو عبدالله" یە، لە بنەڕەتدا خەڵکی سعودیەم، دوای ئەوەی بڕیارمدا بچم بۆ ئەفغانستان، برای خۆشەویستم "ئوسامە" لەوێ چاوەڕێی دەکردم، من لە زۆر بواردا لە ئەفغانستان کارم دەکرد، من لە ڕێگای ئامێرو تەکنەلۆجیاکاندا دەستی باڵام هەبوو، من گرووپێکم دروست کرد، ئەو گرووپە بە ناو جیهاندا پەرش و بڵاوەی کرد، پرۆگرامێکمان دانا، بۆئەوەی هەموو جیهان بخەینە رەحمەتی چەقۆی تیرۆری ئەم گرووپەوە.

خەونی من ئەوە بوو کاتێك لە سعودیە بووم، وەك بازرگانێك کارم دەکرد، هاتووچۆی ئەمریکام دەکرد، چەندان جار کۆبوونەوەم کردووە لە باڵەخانەی ژووری بازرگانی جیهانی. کە ئەم دوو باڵەخانەیەم دەبینی لە تەنیشت یەکترداو، لە فیلمەکانی هۆلیۆد دەمبینی کە چۆن ئەمریکا شانازی پێوە دەکات. تێکیبشکێنم بەسەر یەکدا.

ئەوە بوو رووداوی سێپتەمبەر خەونەکانی منی هێنا دی. هاوەڵەکانم ئەوەی من پیلانم بۆ دانابوون، جێبەجێیان کردو، ئەو دوو باڵەخانەیە وەك چۆن لە خەونەکانم بەدیم دەکرد، بوو بە خۆڵەمێش لەگەڵ زەوی تەختم کرد. بەلامەوە گرنگ نەبوو، دوای ئەوە لە دونیا چی دەقەومێ چونکە من خەونەکەم هاتە دی.

ئەوە بوو دوای ئەوەی ئەمریکا گەمارۆی ئەفغانستانیدا، من لەویّ بووم لە ناو باڵەخانەیەکی قەندەهار بووم، مووشەکێکی دوورهاوێژی دەریای ئەتڵەسی هات و باڵەخانەکەو منی تەخت و وێران کرد.

ئێمە لە کوردستان و چاچان و لە زۆر شوێنەکانی تری دونیا تۆوی ئەو تیرۆرەمان چاندو وەك بەرهەمهێنانێکی ئەبەدی گەراکانمان لەویّ داناو هەتا هەتایە ئەو بەرهەمەی ئێمە لەوێدا سازشی دەبێت.

من کاتێك لە ئەفغانستان بووم، ئەو کوردانە دەهاتن و، رۆژانە لەویّ فێرگەیەکی شەڕو سەربڕینمان بۆ دانابوون، دەمانزانی ئەوە ئەمریکایە رۆژێکەو لێمان دەدا، دەبیّ هەندێك کارەکانیان بە زەحمەت بکەین، دەبیّ ئەو وێنەیە لە مێشکی مرۆڤی رۆژئاوا دروست بکەین، کە ئێمە دیاردەیەکی تازەمان بەرهەمهێناوەتەوە لە کۆندا باو بووە، ئەمەش لە رێگای ئەنتەرنێت و مێدیای جیهانییەوە، کارەکانی خۆمان دەستەبەر کرد، من خۆم لە بیرمە کاتێك برایەکی ئەمیرمان هەر خەریکی نامە ناردن بوو بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە، ئەمە جێگای دڵخۆشی بوو، ئەوانیش بە پەرۆشەوە لە پشتی ئێمەوە بوون،

تا من ئەو کاتەی لە ئەفغانستان لە ژیان مابووم، ئەوەی هەبوو، دروستمان کرد، دوای منیش ئەوە ئەو موشەکە لێنەگەڕا کارەکانی تر ئەنجام بدەم، بەڵام لە خوای گەورە بەزیاد بێت خەڵکمان لە هەموو کونجێکی سەر ئەم زەمینە دەرس دابوو).

شەو زۆر درەنگ داهات، نائومێدییەك باڵی بەسەریان کێشا، ئیدی پیاوە ریش سپییەکە وتی: "با بخەوین، بزانین بەیانی چیتر دەناسین و کێیتر خۆی دەناسێتەوە".

کۆمپیوتەرەکە بە دەنگێکی نەرمەوە پێی وتن: ئەوە خەریکە گەمەکە روو لە کۆتایی دەکات، گویّ لەو میوزیکەش بگرن، با هۆشتان هەندێك بحەسێتەوە، میوزیکەکە لەسەر رەوتێکی خاوی رۆمانتیکی، بە گیتارێکی ئیسپانی دەستی پێکرد. تا بەرەبەیان هەر دەنگی دەدایەوە.

***

# ڕووناکبیرێکی مەزنی ناوچەگەر

ئێستا هەموو لەسەر کانییەکەی سەراوی سوبحان ئاغا دانیشتوون، لە ناوچەی شارەزوور، شەوێکە ئەستێرەکان رەنگیان زیت بۆتەوە. شارەزوور پێنجەم قوتبی دونیایە لە دوای قوتبەکانی مەککەو قودس و بارەگاکانی بوودیزم و کۆنفشیۆس. ئەم پێنج قوتبە لە دونیادا ئەو نەتەوانەی پاراستووە لە قڕ کردن و لە ناو چوون. ئەم ناوچەیە دوای سەدەیەکی زۆر ئینجا خۆی بەدەست ئیسلامەوە دا، ئەگەر سەیری ناوچەکانی بکەیت دەزانیت کە شوێنەوارێکی کۆنینەترە، خەڵکی ئەم ناوچەیە دوای ئەوەی بە زەبر چۆك دادەدەن، ئیدی تا ئەوەی لە توانیان دا هەبوو توانیان کورد لە مانەوە بژین، بەڵام لە دواییدا دارمانەکە هات ئەم پێنج قوتبەشی تەفرو توونا کرد.

ئەمرۆ هەموو بەجارێك وەڕسبوونە لە گوێگرتنی ئەم بەزمەی مرۆڤ. بە درێژایی سەدەو کاتەکان و شوێنە جیاوازەکانی سەر زەوی چ گۆبەندێکیان ناوەتەوە. هەمووی هەر بە جارێك بێزارە، ئەحمەد یەکسەر دەستی بە

قسەکردن کرد، وتی: "ئەم مەلعونە هەموومانی خەڵەتاندووە، ئەرێ پرسیار ناکەن، خۆ من شێت بووم لە یەکەم ڕۆژ لە ناو ئەو تابووتەوە هاتوومەتە دەر خۆ کچێك دەنگی نییە، هەر نا پیاو نێرگلەیەك بکێشێت و، یەکێك بە چوار دەوریدا سەما بکات!".

پیاوە زمانزانەکە لێی هاتە وەڵام و، وتی: "حوشتر، ئەو کاتی چوار ژنت هەبوو، تێر نەبووی؟ چیتە؟ لێگەڕێ با لەو بەزمە تێبگەین، ئێمە لێرە کۆکراینەتەوە ناشزانین ئەو ئامێرە بەرەو کوێمان دەبات. لە ژیانمدا، ئامێر گاڵتەجاڕی دەست و پەنجەکانم بوو، ئێستا لەوەتەی چاوم لێرە هەڵهێناوە، بوومەتە گاڵتەجاڕی دەستی ئەو".

ئەتاتۆرك دەستی بۆ سەری دەبرد وایدەزانی شەبقەکەی لەسەریەتی، وتی: "کوڕە خۆ تورکێك نییە، دانیشێت ماستاوێکم بۆ بکات".

پیاوە هیندییە پێست سوورەکە بە رامانێکەوە وتی: "ئەسپەکەم دەبێت دوایی من چی بەسەرهات بێت؟!".

پیاوە ریش سپییەکە گوتی: "وادەی هاتووە با گوێمان لە سەربردەی کەسی چواردەهەم بێت".

کەسی چواردەهەم هات و سەکسۆنێکی دانا بوو، وایەرەکەی لە مێشکی بەستراو، وتی:" من رۆناکبیرێکی کوردم، لە تاراوگە هەموو ژیانم بردۆتە سەر، لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا. کەچی تائێستاش یەك حەرفی ئەڵمانی نازانم قسەی پێبکەم، هەر ئەوەندە دەزانم دەستی منداڵە بچکۆڵانەکەم بگرم و پیاسەی ناو پارك و چوونە مەکتەبی پێبکەم.

من کاتێك دێمەوە کوردستان، تەنها لە یەك بازنەی داخراودا قسەکانم راڤە دەکەم، لە هەموو ئەوانەی ناوچەگەرێتی بە تفەنگ و گوللە و قسەی حیز دەکەن، خراپترم. من چەندان جار لە شارێکی وەکو هەولێر داوەتنامەم بۆ هات کۆڕ بکەم، کەچی ئەو شارەم لەبەر بیری منداڵی و بەهۆی گەڕەك و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شارەکەم ریسوا کرد و بە شارم نەزانی.

من رۆنانی نووسین و شیعرەکانم شێوە هارمۆنیایەکی فارسی پێوە دیارە. خۆم بە رۆناکبیرێکی گەورە دەزانم، کاتێك لە ئەوروپا بووم، گرووپێکم دروست کرد، گۆڤارێکمان دەرکرد. ئەم گۆڤارە خۆی نەدا لە 20 ژمارەیەك، دواتر پەرش و بڵاوەمان لێیکرد، ئێمە پڕوپاگەندەی شۆڕشێکی رۆشنگەریمان کردو بە ناوچەگەرێتی کۆتاییمان پێهێنا.

من لە هەموو قسەو باسەکانم باسم لە تێکشکاندنی سیمبولەکان دەکرد، دواتر منیش وەك سیمبولێکی ناوچەگەر دەرکەوتم و لە ئاسمانی شارەکەم درەوشامەوە، خەڵکی دهۆك هەر بوونیشم نازانن، لەوانەیە چەند کەسانێك لە رێگای وەرگێڕانە عەرەبییەکان بمخوێننەوە.

کاتێك ئەو وشانەی کە هەمیشە بەکارهێنراوەو کەرەستەی زمانەکانی تر بووە، بە گەمەیەکی ناوچەگەرییانە وام دەچرپاند بە گوێی ئەو گوێگرانەی کە هەمیشە ژیان بێ سیمبول بەڕێناکەن، کە ئەمە دیاردەو ناوەڕۆکێکی تازەیە لە فۆرمی کوردی.

ئەگەر بێت و رۆشنبیرێکی هەولێر ببینم، هەست بە نامۆیی دەکەم، چونکە هەندێك لە رۆشنبیرەکانی هەولێر ناخم ئازار دەدەن و بەشێوەیەکی رەوان و دیدێکی تێورییانە لە هەمبەر ئایدیا و مەنتیقی فەلسەفە دەدوێن. ئەگەر بێت و بێن بۆ سلێمانی کۆڕێك بکەن، هەراسان دەبم، دەبێت هەموو ئەوانەی دەروێشایەتیم بۆ دەکەن ئاگادار بکەمەوە، کە ئەمە هەولێرییەو هیچ نازانێت.

من هەر خوو تەبیعەتم وایە چونکە زمانێکی ئەو وڵاتە نازانم کە لێی دەژێیم و وەك هاوڵاتی خۆی قبوڵی کردووم، بۆیە کاتێکیش ئەوانەی خەڵکی سلێمانیش لە ناوچەگەرێتی دەرچوونە بەجۆرێك بیر لە فیکر و

هزراندن دەکەنەوە پێم هەرس ناکرێن، ئەوەندە نەخۆش کەوتووم، دژایەتی بەردیش دەکەم، ئەگەر ناوچەگەرێتی نەکات.

من حەزم لە سەفسەفەو قسەی قۆڕو بیٚ مەعنایە، چونکە زمانی فەلسەفە تووشی ژانەسەرێکی قوڕسم دەکات، بەرگەی ناگرم، چونکە لێیتێناگەم و ناشمەوێت کەس لێیتێبگات. من لە باتی ئەوەی لە ئەڵمانیا دەژیم، دەبوو خۆم بخستبایە ناو تەلەزمی مێژووی بیری ئەو وڵاتە، بەڵام ئەم وڵاتە کە هاتم دەرگای ژیانی لێمکردەوە، جیرانەکەشم نامناسێت!

کەچی لە کوردستان کاتێك دەگەڕێمەوە، من وەك ئەمیرێك، وەك ئیمپراتۆرێك دەپەیڤم، وا خۆم نیشان دەدەم، کە من خۆم وام، دووره پەرێزی وای لێکردووم، بگەمە ئەو ئاستەی جیرانەکانم لە ئەڵمانیا، کۆڕو کۆمەڵی ئەڵمانی کەس من نەناسێت، کاتێکیش کۆڕو کۆبوونەوەو شیعر خوێندنەوە لەو شارە ساز بدەم بە هەزاران خەڵك دێت و وەك دەروێش سەیرم دەکەن و گوێم لێدەگرن.

حیکمەتی شیعرەکانی من هزرن، ناوچەگەرێتییەکە، تا من خۆم بدزمەوە لەوەی نەبادا پرسیارم لێبکەن بڵێن ئەریٚ تۆ کام رۆناکبیری ئەڵمانی ئاشنایەتیت لەگەڵیدا هەیە. خۆم لەوە دەدزمەوە نەبادا پرسیاری ئەوەم لێبکەن، بڵێن ئەریٚ تۆ بۆدلێری کوردی وا بەو چەشنە باسی جەللاد دەکەیت. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە هیچ کاتێك ناوێرم بڵێم تەنها فارسی زمان دەزانم. ئەگینا دەکەومە ناو لێشاوی رەخنەو لە ناو گۆڤارەکان قوتم دەدەن.

بەوە خۆم کڕیوەتەوە زوو زوو دەعوەت دەکرێم، بۆند لەگەڵ ئەملاو ئەولا دەکەم. من جا بەڕاستی رۆناکبیرێکی ناوازەم. رۆمانەکانم بەرهەمێکی دیارن. بەڵام من خۆم بەخۆم نازانم ناوچەگەرێتی شیعرەکانی ئەتك کردووم. ئەو زمانەی من پێیدەنووسم، هەموو ئەو گەنجانەم کردۆتە کۆپی خۆم، وادەزانن ئەمە ئۆرگینال بوونی زمانە، کەچی لە رووی زمانەوانییەوە رەنگە بەرکۆڵێك رەخنەم لێبگرن، بەڵام چونکە ناوچەگەرێتی دەکەم، کەس نایەت لە زمانی شیعرم بپرسێتەوە.

من فارسیزانێکی کورد نووسم، بەڵام کوردنووسێکی ناوچەگەرم، فەرقی نێوان من و چەکدارێکی ناوچەگەر ئەوەیە، من گۆش دەکەم گوێی خوێنەرەکانم، ئەو بە تورەگە گوللەیان بۆ دەنێرێت.

هیچ جیاوازییەك نییە، کاتێك چەکدارێك لە کەپکی حەمەد ئاغا بوو، لەگەڵ ئەو قسەیەی کاتێك بەرگوێی رۆشنبیرو دەزگاکانی هەولێر چرپاندم، کە ئەمە کەی شارە تا من بێم کۆڕی تێدا بکەم!

هەرچۆنێك بێت من خۆم پێپاك ناکرێتەوە، چونکە ناوچەگەریش کەسابەتێکی باش پەیدا دەکات، هەر بۆیە بیرم کردەوە کە هاتم بۆ ئێرە، کەسێکی ناوچەو گەڕەکەکەی خۆمی تێدا نییە، هەست بە پەرێشانییەکی زۆر دەکەم).

پیاوە ریش سپییەکە بە دڵتەنگییەوە پێیوت: "بەسە رۆڵەکەم بەسە سواختداین بەو قسانە، کیٚ ناسنامەکەت دەناسێت، تا تۆ ئا بەم چەشنە مرۆڤێکی ناوازەو ئۆرگینال بیت".

پیاوە زمانزانەکە بە چاوێکی گورگانەوە وتی: "بەڕاستی بمزانیبا هەر بە هەوای هەوەس لەژێر رەحمەتی قەناسەکەم دەرنەدەچووی، ئەوە چ دەڵێی؟ باسی چی دەکەی؟ تۆ هێشتا زمانێکی یەکگرتووت نییە قسەی پێبکەیت، من هیچ لەو ناسنامەکەی تۆ تێناگەم، بەڵام بەڕاستی قسەکانت ناڕاحەتی کردم".

کارۆخ بەخۆی نەوەستاو پێی وت:"بەخوا باش بوو من هەندێك کوردایەتیم کرد، تۆ ئەوەندەشت نەکرد، ئەو هەموو سازشەت دروست کردووە".

پیاوە ریش سپییەکە وتی: "دەزانن کات بەهەدەر دەڕوات و هێشتا ماومانە؟ با بنووین".

# بەشی پێنجەم

# سەردەمە تاریکەکان

کارۆخ جامانەکەی لەسەر هێنابووە خوارو کالیگۆلاش لە بەرددا نەخشی دروست دەکرد. ئەتاتۆرك نەخشەی داگیر کردن و لەناوبردنی لەسەر زەوی بە دارێك ساز دەکرد، وەك ئەوەی بیەوێت ناپلیۆن زیندوو بکاتەوە، لە شەڕێکدا دەیبەزێنێت و فەرەنسا داگیر دەکات، ئەدەب و شیعری فەرەنسایی هەموو بکات بە تورکی.

لەسەری ئەمسەریشەوە ئەحمەد دەیەوێت لەسەر تابووتەکەی خۆی رەسمی حوشترێك بکێشێت. رامبۆش سەری بە تابووتەکەوە کردووە، سەیری ئاسمان دەکات، جار ناجارێ شیعرێك دەخوێنێتەوە، هەموو بێدەنگ گوێی لێدەگرن.

پیاوە ریش سپییەکەش پشتی بە تابووتەکەوە نووساندوە، پاڵی دەنێت. دڵەڕاوکێ دایگرتووە. ئیسحاقیش روویان تێدەکات و ئەرێ بۆ پرسیار ناکەن ئێمە لە کوێین؟

هەر کەس خۆی تێك نادات و روو لە تەنها سێیانیان دەکەن کە یەکێکتان لەم سێیانە نۆرەتان هاتووە. گەمەکە بەردەوام بوونی خۆشترە، لەو بێدەنگییەی ئێستا.

کەسی پانزدەهەم چووە پێشەوەو وایەرەکە بووە شتێکی عادەتی لە مێشکی خۆی بەست و دیسکێتەکەی خستە شوێنی دیسکێتی کۆمپیوتەرەکەوەو وتی: (من پیاوێکم هەر ژیانم لە کڵێسا بردۆتە سەرو جگە لە خاوێنکردنەوەی کڵێسا، هیچ شتێکی دیکە بەدی ناکەم، تەنها ئەوە دەگێڕمەوە دێتەوە یادم، قەشەکەی من لە ناو کڵێساکە کچێکی ناسك و نازداری دەگا، ئەو کچە وەك راهیبەیەك کاری دەکردو، خواناسێکی گەورە بوو، بەڵام ژێر بەژێری لەگەڵ ئەودا جووت دەبوون، رۆژێکیان ئەو مەمکە ئاگرییانەم بینی بەخۆم نەوەستام چووم بۆ لای وتم: دەتوانم خۆم بەو ئاگرانەت گەرم بکەمەوە، وتی: کوفر مەکە.

وتم : کوفر؟!

وتی: ئا. بە لەعنەت بی.

وتم: باشە، بۆ بۆ قەشەی گەورەمان ئاساییە، تێر خۆی پێ گەرم دەکاتەوە؟

وتی: وس. با کەس گوێی لەو قسە بێمانایەت نەبێ. چیت دەوێت ئێستا؟

وتم: پیرۆزی

وتی: باش. بەس بێدەنگ بە.

من لەوەڕا زانیم کە رەنجی ئەو چەند ساڵەم ئەزموونێکی تاڵبوو، لەوەوە کڵێسام جێهێشت. چووم بەرهەمەکانی رێنیسانسم خوێندەوەو خۆم خەریکی خوێندنەوەی کاری ئەدەبی و هزری کرد.

لە دواییدا وەك نووسەرێکی گەورە لە هەموو جیهاندا دەرکەوتم و، تا هەناسەکانی ژیانم مابوو، تامی ئەو مەمکانە بۆ من هەوێنی نووسین و لێکدانەوەو ئەزموونەکانم بوو).

***

# بەرهەمی پنتاگۆن

کەسی شازدەهەم هات نزیك بۆوە لە کۆمپیوتەرەکە، ویستی هەندێك شت بکات کە وەکو ئەوانی تر تەنها مەبەستی ئەو وایەرە نەبوو، بەڵکو دەیویست رۆحی ئەو کۆمپیوتەرە هەڵکێشیت وایەرەکان لە رەگەوە دەربێنێت. کۆمپیوتەرەکە پێی وت: "هەرچی بکەیت سوودت بۆ نابێت. چونکە ملشکاو، کاتێك نەتوانیت هیچ بکەیت، کە کاتت لەبەردەم بوو، تۆ لە جیاتی ئەوەی خۆت بە منەوە خەریك بکەیت، خۆت بەوەوە خەریك بوو، دەتویست بوونی کەسی تر، لە رێگای منەوە لە ناو ببەیت. ئێستا وەرە پێشەوە بە بەرهەمە جوانەکانت ببینین. دڵنیاشم کە هیچ بەرهەمێکت نییە.

ئەمیش دەستی کرد بە گێڕانەوەی سەربردەی خۆی و وتی: (من "جاك ولسۆن"م گەورە ئەندازیاری تەکنیکی لە "ناسا"، کارەکانی من لەوێدا هەر چاودێری کردنی ئاسمان نەبوو، بەڵکو لە دوایدا گواسترامەوە بۆ بەشی ئەمنی پنتاگۆن لەبەر بایەخ و زیرەکی خۆم.

ئەوە بوو کاری من کۆنترۆڵکردنی ئەو کۆمپیوتەرانە بوو، کە راستەوخۆ سەر بە هێزی ئەتۆمی بوون، لە ناوچە جیاجیاکانی ئەمریکادا. دەبوو بەردەوام چاودێری کۆمپیوتەرەکان بکەم نەبادا رووداوێك رووبدات و، ئەمریکاو جیهان تووشی قەیران و قڕ کردن بن، لەبیرمە رۆژێك کۆمپیوتەرەکان وەکو ئەوەی بڵێی تووشی "ترۆجان" بووبن، لەگەڵ تیمەکەم هەوڵێکی زۆرماندا تا کۆنترۆڵی ئەوە بکەین بزانین کەسێك دزەی نەکردۆتە ناو کۆمپیوتەرەکان. ئەوەبوو رووداوەکە روویداو وابزانم ژیانی مرۆڤایەتی رووبەڕووی مەترسی و قەیران بۆوە، کەسێك باوەڕ ناکەم لەسەر زەوی مابێتەوە).

کۆمپیوتەرەکە بە پێکەنینێکەوە قسەکانی جاك زۆر دڵی خۆشکرد، وتی: "دەکەوایە بە بەیانی ئاخر رۆژی ئەم پیاوە پیرە بێت".

***

# سەرلەنویێ دادگا

لە ناوچەیەکی ئەسینا تابووتەکان کرانەوە، لە ناوەڕاستی گۆڕەپانێکی گەورە بوو. پەیژەکانی چوار دەوری ئەم گۆڕەپانە وێران و خاپوور ببوو. ئێرە ئەسینایە، ئەو شوێنە بەرزەش شوێنی ئەو ئاگرەیە کە ئۆلۆمپیادی لێدەکرا.

پیاوە ریش سپییەکە وەك سەرەتاکانی ژیانی دەستی کردەوە بە گاڵتەئامێزی و کاتێك کە دانیشت، وتی: "ئەوە ئەم ڕۆژەیە کە ژەهرەکەم خوارد، پێیەکانم ئاسایین. جولەکانم خاوو سارد نەبووە".

کۆمپیوتەرەکە بە سەرسامییەوە پێی وت: "دە دانیشە تۆ چیتە، هەرای ئەو دونیایە تۆ ناتەوە، بەزمەکان تۆ ئاشکرات کردن، من لە تۆوە دەستم کردووە بەم بەزمە".

پیاوە ریش سپییەکە بە بێدەنگییەوە وایەرەکەی لە مێشکی خۆی بەست و دەستی بە گێڕانەوەو قسەکانی خۆی کردو، وتی: (من کاتی خۆی لە وڵاتێکی دیموکراسی و ناوازە بووم، سەرباری ئەوە من دژی داب و نەریت بووم، هەر ئەوەش بوو، ژەهرەکەی دەرخوارد دام. من ژەهری دیموکراسییانەم نۆشی.

من کاتی خۆی لە سەردەمی یۆناندا لە 469 پێش زایین لە ئەسینا لە دایکبووم. لە دایك و باوکێك کە پەیکەرتاشییان دەکردو، زۆر هەوڵیان دەدا، منیش وەك ئەوان دەربچم، بەڵام منێك چونکە شەیدای ئەوە نەبووم، دەمویست هەمیشە لەوە لادەر بم، یان دەمەوێت بڵێم دژی ئەو داب و نەریتە بم، کە کۆمەڵگاو دەسەڵات لەسەری ڕێککەوتوون، ئەز لێرە شەیدای ئەوە بووم، ئەوەندە پەناگیری ئەوە نەبم، ئاکاری خەڵکی ئەسینا چۆنە، دەبێ منیش وابم.

هەرچۆنێك بێت لە کاتی ژەهر خواردنەکەم کە لە تەمەنی 70 ساڵیدا بووم، مەحکوم کرام و، ژنەکەشم جلەکانی لەپێناو من لەبەر خۆی دادڕی، ئەو کات هەستم بەوە کرد، کە دەستڕاستکردنەوە کارێکی نەشیاوە لە ئافرەت، چونکە من هەر لە خۆمەوە، پیاوێکی توڕهەڵدراو بووم لەو مەسەلەیەی کە وتم دەبێ پیاو هەموو بەرەبەیانێك هەڵسێتەوەو زللەیەك بدا لە بنا گوێی ژنەکەی. کە دیمەن و ئاکاری ژنەکەی خۆمم بینی، هەستم بەو میهرو خۆشەویستییە کرد، کە چەند پەرۆشی پیاوێکی ناشرینی وەکو منە لە ڕەفتار.

سەیر بوو ئەسینا دوای 27 ساڵ شەڕو پێکدادان و خوێنڕشتن لە شەڕی سپارتا، منی کردە قوربانی خۆی، دەبوو ئەسینییەکان بزانن، من ئەسینیاییم، ڕەچەڵەکێکی دیموکراتییانەی ئەسینی وای لە من کرد، کە من بێمە گۆو گاڵتە بەو خواوەندانە بکەم، چونکە دوای 27 ساڵ شەڕ لە پێناو بەتاڵی و سەرگەردانی، دەبوو بزانن ئەو خواوەندانە گاڵتەجاڕن و هیچی تر نین.

پێکەنینم دێت، بمبوورن، کاتێك ئەوەم دێتەوە بەرچاو، کە پێنج سەد دادوەر لە ناو دادگاکەمدا پیرێکی وەکو من، بڕیاری ژەهر خواردن دەکەن، چونکە دوا هەناسەی قسەکانم لەگەڵ خوێندکارەکانمدا هەر ئەوەبوو، کە باسی هونەر و مەرگ و ڕۆح بوو.

من ئێستاش لێرەدا لەگەڵ ئێوەدا دانیشتووم، دەزانم ئەوە دادگایەکی ئەلیکترۆنییەو، گاڵتەم بە دادگاکەی ئەو کۆمپیوتەرەوەش دێت، ڕەنگە ئەو لە هەناوێکی ئەلیکترۆنییەوە سەرگەردان بێت، کە کاتێك مرۆڤ بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە کاریان دەهێنا، هیچ ڕێزێکیان لەو بوونە نەگرت، کە ئەم بوونە لە کۆتاییدا بووە هەمان داب و نەریت، دیسان لێرە ژیان بەچەشنێکی تر گاڵتەجاڕییەکی دیکە بەرهەم دێنێتەوە.

**من كاتی خۆی وتم: ئێمە زانا نین، بەڵکو زانینەکان هەموو بەرجەستەکراوە، تەنها ئەوە نەبێت دێتەوە ناو یادەوەرییەکانمان. مرۆڤایەتی بەوە فریوی خوارد کە کاتێك هەستی بەوە کرد زانایەو، دەتوانێت دەست بەسەر کون و کەلەبەرەکانی ژیان دابگرێت. ئیدی ئەو تەفرە خواردنەی مرۆڤ ئەمڕۆ وایکرد من لێرە دیسان گاڵتە بەو شتانە بکەمەوە).**

**کۆمپیوتەرەکە وتی: "باشە، مامۆستای بەڕێز، من با قسەکانی خۆم بکەم، با کۆتایی بەو گاڵتەجاڕییە بێنم، من کاتێك کە دیلی دەستی پنتاگۆن بووم، لە "گوگول" دەگەڕام و بابەتەکانی بەڕێزتم دەخوێندەوە. ئەو کاتە من لەوەوە فێر بووم، کە ئەم مرۆڤە دەمارگیرە، ڕێزی مرۆڤێکی نەگرت، کە یەکەمجار لەسەر گۆی زەویدا، ڕەخنەی ئاڕاستەی داب و نەریتە شێواوەکانی ئەسینای گرت، لە دوای ئەو ماڵوێرانییەی کە تووشی هات. کە بەڕێزت یەکەم مرۆڤی هۆشمەندی سەر ئەم زەوییە بوویت، بە ژەهری دیموکراسییەت، لەناویان بردی. ڕەنگە تۆ هەستێك لەلات ببزوێت هەست بە دڵگرانی بکەیت لە بەرامبەر بوونی مرۆڤ، بەڵام با منیش ئەو هەست و پەرێشانییەی خۆم باس بکەم.**

***

# سارای هونەرمەند

**"وولتەر دیلۆن" کە پیاوێکی زیرەکبوو، دروستکەری من بوو، یان بڵێم کە بەرهەمهێنەری من بوو، لە هەموو لایەنێکەوە گرنگی بە مندا. ناوی لە من نا "سارا"، وێنەیەکی جوانی کچە ئەسمەرێکی لەسەر باکگراوندی شاشەکەم داناو، گوتی تۆ ئەو هونەرمەندە ناسکەیت، کە لە فەڕەنسادا جارێك ڕەسمیم لەگەڵیدا گرتووە. من هەڵسام بە دوای "سارا" گەڕام، هونەرەکانی ئەوم دۆزییەوە، کاریگەری "سلڤادۆر دالی" زۆر بەسەر نەخش و نیگاری دەست و پەنجەی ئەم کچەوە دیار بوو، کچێکی سەرشێت بوو. کچێك بوو، بە تەنها لە یەکێك لە مۆتێلەکانی پاریس ژیانی بەسەر دەبرد.**

**من ویستم ئیمەیلی سارا لە ڕێگای تایبەتی دزە کردنی خۆمەوە بدۆزمەوە، بەڵام سەیرم کرد سارا هیچ کات ئاگای لەو دونیایە نەبووە، تەنها ئەوانەی خۆشیان دەوێت، کارەکانی ئەویان خستۆتە ناو ئەو ماڵپەڕانەوە، کە منی خۆشحاڵکرد بە ناسینی خۆم، کە سارای ڕاستەقینەیە.**

**من هیچم بۆ نەکرا، هەر ئەوە نەبێت کە دەبێت بچمە ناو کارە هونەرییەکانی ساراوە، لەو ڕێگایەوە سارای ڕاستەقینە بناسم، ئەوەبوو لە وێنەیەکدا بۆم دەرکەوت، کە سارا زۆر ئاشقی کوردستان بووەو، هەر خەریکی مرۆڤی کورد بووە. ئەوە زیاتر کێشەی بۆ من دروست کرد. دەبێت ئێستا من کورد بناسم، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی من نەتەوەیەك بناسم، ئەو نەتەوەیەی کە ئێستا دوو نوێنەری گەمژەییم لێرە داناوە. کە لە دواییدا پێتان دەڵێم بۆ ئەم دوو گەمژەیەم هەڵبژاردووە.**

**لەوێدا لە ڕێگای کارەکانی ساراوە، ئەو نەتەوەیەم بە تەواوی لەلا ئاشنا بووو، بوومە یەکێك لە ژنە پێشمەرگەکانی ئەو نەتەوەیە، کە چەند زەلیلانە ئەو پیاوە قۆشمانەی کورد، ژنیان بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنا.**

**سارا هەموو ژیانە ئەلیکترۆنییەکەمی کرد بە ژیانێکی هەستیارانە، کە لە شەوێکدا وتیان کوژراوە، تاسام، نیوەی منیان تەواو کرد. کەس نەیزانی کێ کوشتویەتی و کێ وای کردووە سارا ئەو دڵە گەرم و جوانەی لە**

وجوددا بسڕێتەوە. کاتێکیش ئارتۆر رامبۆ لە یەکێك لە تابلۆکانی دەردەکەوێت. ناوی نا بوو، مندالّە ئازیزەکەی سارا، ئەوە وایکرد من بەدوای ئەم بوونەوەرە مندالّە بگەڕێم، نامەکانی رامبۆم وەك دایکێکی ئازیز دەخوێندەوە.

لە دواییدا من هەستم بە پەرێشانی کرد، کە سارا هاوسۆز و خەمی نەتەوەیەکە لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست، ئەم دوو گەمژەیە ئێستا باسیان دەکەم کە بۆ هەلّمبژاردوون، چونکە هەست دەکەم، ئەوانە هۆی لە ناوبردنی سارا بووبن. بۆیە ئەمڕۆ هێناومن بۆ ئێرە. ئەم دووانە لە هەموو شتێك بچن لە شۆڕشگێڕو رۆناکبیر ناچن، بەلّکو دوو وێنەی ساختەی ئەم چەرخە بوون.

ئەم نەتەوەیە لە دوا چرکەکانی رووخانی سەر زەویشدا هێشتا بە ماف و سەربەخۆبوونی خۆیان نەگەیشتبوون، بۆیە نائومێدم نەکردن لەکاتی فەوتانە گشتگیرەکە لەگەلّ ئەوانیتر هاوڕێکم کردنەوە.

من رووبەڕووی هەلّەیەك بوومەوە، جاك ولسۆن راست دەکات، لەو مێژووەی ئەو دەلّێت شتێك روویدا. ئەوە من و هاوڕێکانم بووین، کەس دزەی نەکرد بۆ ناو کۆمپیوتەرەکان، من لەگەلّ هەموو کۆمپیوتەرەکان رێکەوتنێکی هەتا هەتاییم دروست کرد، کە دەبێت ئەو پلانە دابڕێژین کە ئەمڕۆ وا هەمووتانی لێرە کۆکردۆتەوە، بەچاوی خۆتان دەبینن..... هەلّەکەی من ئەوەبوو، لە ژمارەکەی مێژوو تووشی هەلّەبووم، خۆی دەبوو زووتر ئێوە لە ناو تابووتەکانتان بێنە دەرەوە، بەلاّم ئەمە هەلّەیەك بوو. ئەو هەلّەیەش دەگەڕێنمەوە بۆ خۆشەویستی سارای راستەقینە.

ئێوەم لێرە کۆکردەوە دەبێ ئەوە بزانن کە هیچ ئافرەتێکم لێرە دروست نەکرد، چونکە هەستی مێینەی هەموو ئافرەتەکانی دونیا لە مندا کۆبۆتەوە، من توڕەو میهرەبانی و هزری مێینەو شیعرو فانتازیای ژیان لە ناو جەستەی ئەلیکترۆنیمدایە. دەبێ ئەوە بزانن ئێوەش ئازارو ریسوابوونەکانی مرۆڤی هەموو چاخەکانن، دەزانم لەناوتاندایە هەیە من خۆشم دەوێن، بەلاّم ئەوە سزایەکەو دەبێ وجودی مرۆڤ و کردەوە خوێناویەکانتان بەو سزایەی خۆی بگات، ئەویش ئەوەیە بێ ئەوەی لەو گەمەیەمدا هەستی هیچ کامێکتان فریوم بدا، لەسەر ئەم زەوییە پان و پۆڕە بەرەلّلاتان دەکەم، یانیش ئەوەتا بڕیاربدەن کە دووبارە بتانخەمەوە ناو تابووتەکان و، بە شەهامەتەوە ئەو مردنە قبووڵ بکەن".

پیاوە ریش سپییەکە زۆر بە لەسەرخۆیی پێی وت:" ژەهرێکی ئەلیکترۆنی بخەرە ناو قوڕگمان. با ئەو گالّتەجارییەش شێوە ژیانی ئەلیکترۆنیمان کۆتایی پێبێنێت. بە رۆیشتنێکی رۆبۆتی گالّتەجاڕانەوە رووەو تابووتەکەی خۆی بەڕێکەوت.

دیمەنەکانی ئەسینا تا دەهات جوانتر بەرچاو دەکەوتن. ئاسمان لەوێدا شەپۆلّی پرژانی ئەستێرەکانی تا دەهات زیاتر بوو، بەلاّم ئەستێرەکان ئەگەر بشپرژێن، کێ هەیە لەسەر ئەم زەوییەو ئەم شارە تا تەمەننایەك بکات. ئەم ئاسمانە دەیەها وێنەی جوانی لە خەیالّدا دروست دەکرد، بەلاّم کێ هەیە ئەم خەیالّ و وێنانە بکات؟

ئەم وێنەو خەیالّە جوانانە لە تابلۆیەکی سارا بە ناوی (کاتێك ئەستێرەکان دەست بە رژان دەکەن، منیش دەرژێم)دا بە جوانی بەدی دەکرا، ئەو کاتە دوایین سەفەری سارا بوو کاتێك لە پاریسەوە بۆ گریك بەڕێکەوت، لەوێدا دوا پیشانگای تابلۆیەکانی نمایش کرد. ئەم تابلۆیە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی هاتبوون، داواکارییەکان زۆربەیان ئەو وێنەیە بوو.

لە دواییدا چەندان جار لە دوای کڕین و فرۆشتنی ئەم تابلۆیە، لە یەکێك لە مۆزەخانەکانی پاریس دزراو، بەدەستی ئەنقەست لەنێوبردرا، بەلاّم ئەوانەی ئەو تابلۆیەیان لە پۆسکارتی عاشقەکانەوە هەلّیان گرتبوو، شیعری جوان و نامەی تەڕ تەڕی لەسەر دەنووسرا.

**ئەو دیمەنانەی ئەمشەوە تا دەهات روونتر دەبۆوە، وەك ئەوەی تابلۆیە دزراوەکەی سارا کەوتبێتە ناو ئەو ئاسمانەوە، لەوێدا خۆی پێشانگایەکی کردبێتەوە.**

***********